# دەسەڵاتەکانی
# سەرۆك لەنێو پەرلەماندا

**توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە**
**( بەریتانیا، ئەمریکا، فەڕەنسا، هەرێمی کوردستان )**

**ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل**
**ڕاوێژکاری سیاسی و ڕێکخراوەکان لەسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

ناوی کتێب: دەسەڵاتەکانی سەرۆك لە نێوان پەرلەماندا

ئامادەکردنی: رێبین رەسولْ ئیسماعیل

دیزاین : کارزان سەعدی

چاپی یەکەم  2014

چاپ: چاپخانەی شەهاب – هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی ( 434)ی ساڵی 2014ی پێی دراوە

# فەهرەست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەکی** | 5 |
| **دەسپێك** | 7 |
| **بەشی یەکەم**<br>مۆدێلی ویستمنستەر ـ Westminster Model | 11 |
| **بەشی دووەم**<br>مۆدێلی کۆنگرێسی ئەمریکی<br>U.S. Congress Model | 23 |
| **بەشی سێیەم**<br>مۆدێلی نووسینگەی فەڕەنسی<br>French Bureau Model | 35 |
| **بەشی چوارەم**<br>مۆدێلی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق<br>Kurdistan Parliament – Iraq | 45 |

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە بەتایبەتی بۆ سەنتەری توێژینەوەی پەرلـەمانی کوردستان نووسراوەو ئامادەکراوە، بۆیـە نووسـینێکە زۆرتـر تایبەتـە بەدەسـەڵاتەکانی سـەرۆکی پەرلـەمان و ئەنجومەنـە هەڵبـژێردراوەکان بەمەبەستی بەرچاوڕوونی بـۆ ئەنـدامانی پەرلـەمان و ئەکادیمیسـت و یاساناسان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و هـەموو ئـەو کەسـانەی گرنگی بەکاری پەرلەمانی دەدەن.

ئێمـە دەزانـین لـەماوەی چـەند سـاڵی ڕابـردوودا وتووێـژی زۆر لەئارادابووە لەبارەی هەمواركردنـەوەی پێـڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمانی کوردسـتان و لیژنەیـەکیش لـەخولی سـێیەمی پەرلەمانـدا پێکهـات بـە بەشداری سەرجەم فراكسیۆنەکان بـۆ ئامـادەکردن و ڕێکـەوتن لەسـەر پێڕەوێکی تازە کە لەگەڵ ڕوحی سەردەم و گۆڕانکارییەکانی هـەرێمی کوردستاندا بگونجێت، بەڵام ئەم لیژنەیە هەم ناكۆكی زۆریان هەبوو و ڕێك نەکـەوتن لەسـەر هەنـدێك پرنسـیب و بنـەمای گشـتی، ئەگەرچـی لەدوا ساتەکانی خولی سێیەمدا جۆرێـك لەڕێکـەوتن لـەئارادابوو، بـەڵام کۆتاییهـاتنی خـولی سـێیەمی پەرلـەمان، ڕێگـەی نـەدا ئـەم پێـڕەوە هەموار بكرێتەوە. جگـە لـەوەش ڕاوبۆچـوونی وا هـەبوو کـە پێویسـت دەکات ئەم کارە بۆ خولی تازە بەجێبهێڵرێت و کـاری ئەوانـە پێـڕەوی ناوخۆ بەو شێوەیە هەموار بکەنەوە کـە لەگـەڵ واقیعـی خـولی تـازەدا دەگونجێت.

بەهیوای ئەوەی ئەم توێژینەوەیە بتوانێت سوودێك بەو هەنگاوانە بگەیەنێت. گرنگی ئەم جۆرە توێژینەوە تایبەتمەندانە لەوەدایە کە ئێمەش لەهەرێمی کوردستاندا پێویستیمان بەوە هەیە لەبواری تایبەتی یاسایی و سیاسیدا توێژنەوەی خۆمان هەبێت و ڕاوبۆچوونی خۆمان هەبێت لەبارەی هەموو ئەم بابەتانەی کە پێوەندییان بەهەرێمی کوردستانەوە هەیە.

ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل
ڕاوێژکاری سیاسی و ڕێکخراوەکان لەسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

## دەسپێك

بەگشتی دەستە هەڵبـژێردراوەكانی وەكـو ئەنجومـەنی یاسـادانان و پەرلەمان([1]) هەموو دەسەڵاتێك دەدەن بەسەرۆكی كۆبوونەوەكان تـاوەكو بتوانێـت بـەڕێكوپێكی ئـیش و كـاری كـارگێڕی و ئیـدارەی كۆبوونـەوەكان بكات بەپلەی یەكەم، چونكە پێگـەی سـەرۆكی پەرلـەمان زیـاتر پێوەنـدی هەیـــە بەهەڵســـوڕاندن و ئیـــدارەدانی وتووێـــژی پەرلەمانـــە لـــەنێو كۆبوونەوەكاندا، ئینجا بینینی ڕۆڵی یەكلاكەرەوە لەدانانی بەرنامەی كاری كۆبوونـەوەكان، ئینجـا نوێنەرایـەتیكردنی پەرلـەمان لـەكۆڕو كۆبوونـەوە نـاوخۆیی و دەرەكییـەكان. ئەوانـە بەگشـتی سـیما دیارەكـانی سـەرۆكی ئەنجومەن و پەرلەمانەكانن لەسەر ئاستی جیهان، بەڵام هەموو پەرلەمان و ئەنجومەنێكیش بەپێی پێـڕەوی نـاوخۆ، جـۆری دەسـەڵاتەكان و شـێوازی بەكارهێنان و ڕۆڵی دەستەی سەرۆكایەتی و سەرۆك دەستنیشـان دەكـات. بۆیـە ئاسـاییە ئەگـەر جیـاوازی هـەبێت لـەنێوان دەسـەڵاتەكانی سـەرۆكی پەرلەمان لەوڵاتێك بۆ وڵاتێكی تر، یا لـەنێو وڵاتێكیشـدا، لەسـەردەمێك بـۆ سەردەێكی تر، چونكە ئەو دەسەڵاتانە پەیوەستە بەڕێكـەوتنی سیاسـی و پەیمانی كۆمەڵایەتی و سیاسی نێوان حزب و لایەنە سیاسییەكان.

---

[1]) یەكێتی پەرلەمانتارانی جیهان ـ Inter-Parliamentary Union, Parliament of the World لەكاتی ئەنجامدانی توێژینەوەی بەراوردكاری نێوان دەستە هەڵبژێردراوەكانی جیهاندا تاوەكو خۆی لەكێشەی ناونان ڕزگار بكات، هاتووە لەبری چەمك و زاراوەی ئەنجومەنی یاسادانان، یا پەرلەمان، چەمكی (دەسەڵاتی ئاڕاستەكار) بەكاردێنێت بۆ گوزارشتكردن لەدەسەڵاتی یاسادانان. ئێمە لێرە لەم توێژینەوەیەدا بەردەوام چەمك و زاراوەی پەرلەمان بۆ دەلالەتكردن لەدەستە هەڵبژێردراوەكانی یاسادانان بەكاردێنین تاوەكو خۆمان لەئیشكالییەتی ناونان دەرباز بكەین.

بەگشتی توێژینەوە سیاسییەکان لەسەر ئاستی جیهان لەبارەی ڕۆڵ و ئەرك و فرمانی سەرۆکی پەرلەمان بەسەر سێ نموونەی دیاری جیهانیدا دابەشبوون. ئەو سێ نموونەیەش بریتین لە ئەنجومەنی گشتی لەبەریتانیا، یا وەکو ئەوەی کە ناسراوە بە مۆدێلی ویستمنستەر ـ Westminster Model، لەگەڵ مۆدێلی کۆنگرێسی ئەمریکا ـ U.S. Congress Model، لەگەڵ مۆدێلی پەرلەمانی فەڕەنسی کە ناسراوە بە نووسینگە ـ French Bureau Model.[1] بێگومان هەر یەکێك لەو نموونانە سیماو تایبەتمەندی خۆیان کە ئێمەش لێرەدا هەوڵدەدەین بیانخەینەڕوو، بەڕەچاوکردنی ئەوەی ئەم توێژینەوەیە بەتایبەت بۆ کوردستان و پەرلەمانی هەرێمی کودرستان ئامادەکراوە، ئەوە ئێمە جەخت دەکەینە سەر نموونەی هەرێمی کوردستانیش. نموونەی هەرێمی کوردستان کە ناسراوە بەپەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، Kurdistan Parliament – Iraq. لەنمایشکردنی شێوەی سەرۆکایەتی و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستاندا، جەخت دەکەینە سەر ڕۆڵ و ئەرك و فرمانی سەرۆکی پەرلەمان دەخەینە ڕوو بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی لەپێڕەوی ناوخۆی کارپێکراودا ئاماژەیان بۆ کراوە، بەتایبەتیش تاوەکو کۆتاییهاتنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لە(2013/11/1) دا.

---

1) لەڕاستیدا ئەم جۆرە پۆلێنکردن و بایەخدانە بەو سێ مۆدێلەی کاری یاسادانان لەلایەن پەیمانگای نیشتیمانی دیموکراتی ـ NDI پەرەی پێدراوە بە ئامانجی ئەنجامدانی توێژینەوەی بەراوردکاری، بۆیە ئێمەش لێرەدا بەسوود وەرگرتن لەو توێژینەوەیەی ئەوان پلانی سەرەکی کارەکەی خۆمانمان داڕشتووەو هەمان ڕێبازو میتدۆی کارپێکراومان بەکارهێناوەتەوە، بەزیادکردنی توێژینەوە لەبارەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانەوە، تاوەکو ئەم توێژینەوەیە زیاتر لەواقیعی کوردستانی نزیك بکەوێتەوە.

بەپێی مۆدێلی ویستمنستەر، سەرۆکی پەرلەمان وەکو بەرپرسێکی بێلایەن ڕەفتار دەکات و کاری ئەو بریتییە لەهەڵسوڕاندن و بەڕێوەبردنی وتووێژو دانیشتنەکان. بەپێی مۆدێلی کۆنگرێسی ئەمریکی، سەرۆکی کۆنگرێس هەر بەتەنیا کاری ئەوە نییە کە دانیشتن و کۆبوونەوەکان بەڕێوە ببات، بەڵکو دەبێت سەرۆکی ئەو حزبەش بێت کە زۆرینەی کورسییەکانی کۆنگرێسیان بەدەستەوەیە. مۆدێلی پەرلەمانی فەڕەنسی، ڕێگا بەسەرۆك دەدات لەپاڵ کاری سەرەکی کە بریتییە لەئیدارکردنی دانیشتن و کۆبوونەوەکان، لیژنەیەکی جێبەجێکاری بەردەوامیش دابمەزرێنێت، یا لیژنەیەك لەئەندامانی پەرلەمان پێکبێنێت تاوەکو هاوکاری بکەن لەهەڵسوڕاندنی ئیش و کاری کارگێڕی ئەو پەرلەمانە. لەمۆدێلی هەرێمی کوردستاندا، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت کە لەسەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆك و سکرتێری پەرلەمان پێکدێت، ئەو دەستەیە دەبێت بەدوو لەسەر سێی ئەندامانی خشتەی کاری کۆبوونەوەکان دابنێت، بەڵام سەرۆك ڕاستەوخۆ کۆبوونەوەکان بەڕێوە دەبات،[1] مەرجیش نییە ئەندامانی ئەو دەستەیە سەرۆکی حزبە براوەکان بن وەکو ئەوەی لەمۆدێلی کۆنگرێسی ئەمریکیدا هەیە.

بەگشتی سروشتی دەسەڵات لەنێو پەرلەمانەکانی جیهاندا بەپێی بارودۆخی سیاسی وڵاتەکان گۆڕانکاری بەسەردادێت، هەروەها بەشێکی

---

1) لەو بەشەی کە تایبەتە بەپەرلەمانی کوردستان بەدرێژی دێینە سەر باسی ئیدارەکردنی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان و دابەشکردنی ئەرك بەسەر ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی.

زۆری پەرلەمانەکانی جیهان بەپێی پێڕەوی ناوخۆی خۆیان کار دەکەن کە وەکو دەستووری کاری پەرلەمانی وایە، بۆیە زۆر ئاساییە کە لەگەڵ ڕۆژگاردا ئەو پێڕەوە هەموار بکرێتەوەو گۆڕانکاری بەسەردا بێت. بەڵام بەگشتی دەسەڵاتەکانی پەرلەمان لەنێو دەستووردا ئاماژەی بۆ کراوەو بەپێی دەستوور دامەزراوە، بۆیە یەکێکە لەدەسەڵاتە سەربەخۆکان.

# بەشی یەکەم

## مۆدێلی ویستمنستەر ـــ Westminster Model

ڕەنگە لەئێستادا پێمان سەیر بێت ئەگەر بزانین لەڕابردوودا پۆستی سەرۆکی پەرلەمان لەبەریتانیا بەدامەزراندن بووەو دەسەڵاتی پاشایەتی لەدەربار فرمانی دەرکردووەو کەسێکی دامەزراندووە کە نزیکبووە لەکۆشك و سیاسەتی کۆشك بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی پەرلەمان. واتا سەرۆکایەتی پەرلەمان بەهەڵبژاردن نەبووە، بەڵکو بەدامەزراندن بووە، بەڵام لەگەڵ بەرەو پێشچوونی پرۆسەی سیاسی و گەشەکردنی دیموکراتییەت، سەرۆکی پەرلەمان لەفەرمانبەرێکەوە گۆڕاوە ئیمڕۆ بۆ کەسێك کە دەسەڵاتی زۆری لەنێو ئەو وڵاتەدا بەدەستەیەوەو بەهەڵبژاردن دادەنرێت و لەنێو خەڵکەوە یەکەمجار وەکو ئەندامی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت،(1) ئینجا دواتر لەنێو پەرلەماندا وەکو بەرپرسێکی بێلایەن دەستنیشان دەکرێت وەکو نوێنەری دەوڵەت بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری پەرلەمان. لەساڵی (1641) دا کاتێك (لنتۆل) سەرۆکی ئەنجومەن دەبێت، کۆتایی بەو دابونەریتە کۆنە دێنێت و بەپاشا (چاڵرزی یەکەم) دەڵێت کە ئەو خۆی وەکو سەرۆکی ئەنجومەن خزمەتی ئەنجومەن

---

1) بەهەمان شێوە لەنێو پەرلەمانی کوردستانیشدا، بۆ یەکەمجار سەرۆکی پەرلەمان وەکو ئەندامێکی ئاسایی خۆی دەپاڵێویت و دەبێتە ئەندامی پەرلەمان، دواتر لەنێو کۆبوونەوەی پەرلەماندا خۆی دەپاڵێوێت بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان.

دەكات، نەوەكو دەسەڵاتی پاشایەتی و دەرباری پاشا.([١]) ئەوە یەكەم هەڵگەڕانەوەی پەرلەمانی بووە بەسەر دەسەڵاتی دەرباری پاشایەتی، بەڵام دواتر ئەو هەڵگەڕانەوەیە باشتر ڕەگی خۆی داكوتا كاتێك (ریچارد ئۆنسلۆ) كە لەناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەمدا بۆ ماوەی (33) ساڵ بووە سەرۆكی ئەنجومەن، هات بۆ یەكەمجار لەمێژووی ئەنجومەنی گشتی بەریتانیدا كاری خۆی دابڕی و جیای كردەوە لەدەرباری پاشایەتی و سەربەخۆیی ئەو ئەنجومەنەی ڕاگەیاندو بیلایەنی سەرۆكی وەكو بنەمایەكی گرنگ چەسپاند. لەكۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەیەمیشدا كۆمەڵێك گۆڕانكاری و كێشەی سیاسی هاتنە پێش، بوونە هۆی ئەوەی سەرۆكی ئەنجومەن دەسەڵاتێكی زۆر فراوانی پێبدرێت تاوەكو بتوانێت هەم ئیدارەی كۆبوونەوە پەرلەمانییەكان بكات، هەمیش بەو شێوەیە ئاڕاستەیان بكات كە لەكۆتاییدا لەبەرژەوەندی گشتیدا بێت. لەو ڕۆژەوە تاوەكو ئیمڕۆشی لەگەڵدا بێت، بێلایەنی و توانای كۆنترۆڵكردنی كۆبوونەوەی پەرلەمانی بووە سیفەت و خاسیەتی سەرەكی سەرۆكی ئەنجومەنی گشتی لەبەریتانیادا، بەو سیفەتەی كەسێكی بێلایەنە لەنێو ئەو ئەنجومەنەدا.

لەڕووی مێژووییەوە، سەرۆكی حزبی زۆرینەی براوە مافی ئەوەی هەبووە ببێتە سەرۆكی ئەنجومەن، بەڵام ئەنجومەنی گشتی بەریتانیا لەساڵی (1992) ئەو دابونەریتەی شكاند كاتێك ئەندامێكی لیستی ئۆپۆزسیۆنی هەڵبژارد بۆ سەرۆكایەتیكردن، بەوەش خانم (پیتی بۆترۆید)

---

[1]) رؤساء الجلسات، سلسلة الابحاث التشريعية، البحث الاول، اعداد: المعهد الديمقراطي الوطني للشؤن الدولية، ترجمة: نور الاسعد، مراجعة: مي الاحمر، لبنان، ص4.

بـووه یەکـەم خانمـە ژن و ئەنـدامی لیسـتی ئۆپۆزسـیۆنی سـەر بـەحزبی کرێکـاران بـوو کـە سـەرۆکایەتی ئـەو ئەنجومەنـەو ئـەو پۆسـتە گرنگـە وەربگرێت بەدرێژایی مێژووی ئەم ئەنجومەنە. پارتی کرێکـاران پارێزگـاری لەو دەسکەوتەی کرد تـاوەکو لەسـاڵی (2000) دا (مایکـل مـارتن) بـووە سەرۆکی ئەم ئەنجومەنـە، بـەوەش ئـەم پیـاوە یەکـەم کـاتۆلیکی بـوو کـە سـەرۆکایەتی ئـەم ئەنجومەنـە وەربگرێـت لـەپاش بزوتنـەوەی ڕیفـۆرمی ئایینیدا.(١)

بەشـێکی گرنگـی کـاری سـەرۆك لێـرەدا بریتییـە لەئیـدارەدانی ئـەم دانیشـتنانەی هەفتانـە بەڕێوەدەچـن بـۆ پرسـیارکردن و ڕاوەرگـرتن و لێپرسـینەوە لەسـەرۆکی وەزیرانـی بـەریتانیا. پێشـتر وەکـو نـەریتێکی پەرلەمانی دەبووایە ئەم کۆبوونەوانە هەفتانـە دووجـار ئـەنجام بدرابووایـە لەکاتێژمێر (1,15) دەقیقەی نیوەڕۆی ڕۆژانـی سێشـەممەو پێنجشـەممە، هـەر دانیشـتنێکی لێپرسـینەوەش بـۆ مـاوەی تـەنیا (15) دەقیقـە بـوو. لەسـاڵانی یەکـەمی دەسـبەکاربوونی تـۆنی بلێـر وەکـو سـەرۆك وەزیـران، پێشـنیاریکرد ئـەم ماوەیـە بگۆڕدرێـت و بکرێتـە هەفتانـە تـەنیا بـۆ یـەك دانیشتن،(٢) بەو مەرجەی کار لەماوەکەی نەکات و بکرێتە (30) دەقیقـە، ئەنجومەنی گشتی و سەرۆکیش بەو پێشنیارە ڕازی بوون.(٣)

---

[1]) رؤساء الجلسات، سلسلة الابحاث التشريعية، البحث الاول، اعداد: المعهد الديمقراطي الوطني للشؤن الدولية، ترجمة: نور الاسعد، مراجعة: مي الاحمر، لبنان، ص4.

[2]) بۆ یەکەمجار ئەم پێشنیارەی تۆنی بلێر لەسەرەتای مانگی ئایاری ساڵی (1997) چووە بواری جێبەجێکردنەوە.

3) مذكرات طوني بلير، مسيرة رئيس وزراء، الطبعة الاولى، 2011، ص166.

لەڕۆژگاری ئیمڕۆماندا ئەرك و فرمانەكانی سەرۆكی ئەنجومەنی گشتی بەریتانیا پێكدێت لەم كارانەی خوارەوە:[1]

1) سەرۆكایەتیكردنی كۆبوونەوەكانی ئەنجومەنی گشتی، لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی هەیە ئەو ئەندامان دەستنیشان بكات كە بۆیان هەیە قسە بكـەن و ڕای خۆیـان دەربـبڕن لـەبارەی پـڕۆژە یاسـاكان، هـەروەها دەسەڵاتـی ئەوەشی هەیە ماوەی قسەكردنی هەر ئەندامێك بەچـركەو خولەك دیاری بكات.

2) چـاودێرە بەسـەر جێبـەجێكردنی پێـڕەوی نـاوخۆ، هـەموو ئـەو ڕێوڕەسمانەی كە دانراون بۆ ئاسانكردنی بەڕێوەچوونی ئیش و كـارو كۆبوونەوەكان، شێوازی ڕێكخستنی وتووێژەكان.

3) وەكو سەرۆكی یەكەی كارێگڕی ڕەفتار دەكات و بەرپرسـە لەلایـەنی كـارگێڕی ئەنجومـەنی گشـتی لەمیانـەی: دامەزرانـدنی فەرمانبـەران، ئیدارەدانی فەرمانبەران و كارگێڕی و هـەموو ئـەو بەڕێوەبەرایـەتی و بەشانەی كە سەر بە ئەنجومەنی گشتین.

4) ڕۆڵی سەرۆكی ڕێوڕەسم و مەراسیم دەگێڕێت لـەنێو ئەنجومەنـدا كـە پۆستێكی تەقلیدی كۆنەو ماوەتەوە. ئەو ڕێوڕەسمە بریتییە لـەوەی كە خۆی وتاری كردنەوەی خولەكانی ئەنجومەن پێشكەش دەكـات و دەخوێنێتەوە، واتا پـەیامی پاشـا بـۆ ئەنجومـەن. لەسـەرەتای هـەر وەرزێكی تازەی ساڵانەدا لەیەكەم كۆبوونەوەی ئەنجومەنـدا سـەرۆك

---

[1]) رؤساء الجلسات، سلسلة الابحاث التشريعية، البحث الاول، اعداد: المعهد الديمقراطي الوطني للشؤن الدولية، ترجمة: نور الاسعد، مراجعة: مي الاحمر، لبنان، ص5.

بەکەژاوەیەکی گەورەی تەقلیدییەوە لەبارەگای سەرەکی خۆیەوە بەرەو بارەگای ئەنجومەن لەویستمنستەر دەگوازرێتەوە.

یەکێك لەسیما دیارو بەرچاوەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی گشتی بەریتانیا وەکو ئەوەی پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، بریتییە لەبێلایەنی و هەبوونی دەسەڵاتی زۆر. ڕاستە سەرۆك کاتێك دەبێتە ئەندامی ئەنجومەن بەنوێنەرایەتی حزبێکی دیاریکراو لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت، بۆیە نوێنەرایەتی بەرژەوەندەی دەنگدەرانی ئەو حزبەش دەکات، بەڵام هەموو لایەك چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکەن بێلایەنی خۆی پیشان بدات و بەو شێوەیەش کاربکات. بێلایەنی سەرۆکی ئەنجومەنی گشتی لەبەریتانیا لەمیانەی کۆمەڵێك ڕێوڕەسمەوە پارێزراوە، وەکو ئەوەی کە دەبێت کاتێك بووە سەرۆك، بەتەواوی دەست لەکاری حزبی بکێشێتەوە تاوەکو بێلایەنی خۆی بسەلمێنێت. سەرۆك لێرەدا لەبەرانبەر ئەو کۆت و بەندانەشدا، کۆمەڵێك ئیمتیازاتی تری تایبەتی هەیە، وەکو ئەوەی بۆی هەیە ماڵی خۆی بباتە نێو کۆشکی پەرلەمان و لەوێدا نیشتەجێ بێت([1]) تاوەکو

[1]) لەپەرلەمانی کوردستاندا سەرۆکی پەرلەمانیش وەکو هەر ئەندامێکی تری پەرلەمان بۆی هەیە بچێتە خانووی پەرلەمان و لەوێدا جێنشین بێت تاوەکو ماوەی ئەندامێتی تەواو دەبێت. سەرۆك و جێگرو سکرتێری پەرلەمان بۆیان هەیە خانووی تایبەت بەمیوانیشیان هەبێت و لەوێدا دوای دەوام و ڕۆژانی پشوو پێشوازی لەمیوانەکانیان بکەن. هەموو ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان سەر بەهەر لیستێك بێت، لەدوای دەسبەرکاربوون و سوێندخواردن، بڕی چل و حەفت ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار وەردەگرێت کە دەکاتە نزیکەی چوار دەفتەر دۆلار بۆ کڕینی ئۆتۆمبێلێك بەئارەزووی خۆی. هەروەها هەموو ئەندامێکی پەرلەمان سەر بەهەر لیستێك بێت، مافی ئەوەی هەیە سێ پاسەوانی هەبێت. ئەوانە بەشێکن لەو دەسکەوت و ئیمتیازاتانەی کە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هەیانەو لەنێو ئەم سێ مۆدیلە پەرلەمانییەدا نییە کە لێرەدا بەراوردیان دەکەین.

ماوەی سەرۆکایەتی تەواو دەبێت و سەرۆکی تازە جێگای دەگرێتـەوە.(١)

لەکاتێکدا ئەندامانی پەرلـەمان بەهـەموو لیسـتەکانەوە بۆیـان هەیـە داوای بینینی سەرۆك بکەن و دیداری لەگەڵدا ئەنجام بدەن لەبارەی ئیش و کاری ئەنجومەنــەوە، ئــەوە بەپێچــەوانەوە ســەرۆك بـۆی نییــە بــەئازادی خـۆی لەشوێنە گشتییەکاندا تێکەڵاوی پەرلەمانتارو سیاسەتمەداران بێت.

دەبێت ئەوەش بزانین کە لەبەریتانیادا پۆستی سـەرۆکی ئەنجومـەنی گشتی ئاماژە نییە بـۆ پلـەو پێگەیـەکی سیاسـی زۆر گـرنگ و بـاڵا، بـەڵکو قۆناغێکە لەقۆناغەکانی پێشکەوتنی ژیانی سیاسی ئەو کەسە، بـۆ ئـەوەی ئەندامانی پەرلەمان دڵنیا بن لەوەی سەرۆکەکەیان ڕاوبۆچـوونی لیسـتێکی سیاسـی ناسـەپێنێت بەسـەر لیسـتێکی تـردا، هـەروەها تـاوەکو دڵنیـابن لەوەی یاسـاکان تێناپـەڕێنێت لـەپێناو ئاییندەیـەکی باشـتر بـۆ خـۆی، یـا بەرژەوەنـدی کەسـی و تایبـەتی و حزبـی، یـا چـاوی لـەوە بێـت دواتـر پۆستێکی تری حکومی بگرێتـە دەسـت، چـونکە لەگـەڵ کۆتاییهـاتنی ئـەم پۆسـتە نابێـت و بـۆی نییـە جـارێکی تـر بگەڕێتـەوە نێـو کایـەی سیاسـی ڕەسمی.

ئەنـدامانی ئەنجومـەن کاتێـك قسـە دەکـەن، قسـەکانیان ئاڕاسـتەی سەرۆك دەکەن "بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی گشتی"، هەر سەرۆکیشـە کـە ڕێگــا بەئەنــدامان دەدات قســە بکــەن، هــەروەها ئــەرکی سەرۆکیشــە وتوویـژەکان بـەو ئاڕاسـتەیەدا ببـات کـە هـەر لەچوارچـێوەی ئـەو پـڕۆژە یاسـایەدا بمێنێتـەوە کـە جێگـای وتوویـژەو ئەنـدامان لـەکاتی قسـەکردندا

---

[1]) رؤساء الجلسات، سلسلة الابحاث التشريعية، البحث الاول، اعداد: المعهد الديمقراطي الوطني للشؤن الدولية، ترجمة: نور الاسعد، مراجعة: مي الاحمر، لبنان، ص5.

نەچنە سەر باس و بابەتی تر و لەبابەتەکە لانەدەن. کاتێك سەرۆك هەست دەکات ئەندامێك لەبابەتەکە دەرچووەو قسە لەبارەی شتی تر دەکات، یا دەیەوێت هەڵوێستی خۆی پیشانبدات لەبارەی یاسایەك، یا کارێك، یا بڕیارێکی دیاریکراو، سەرۆك دەسەڵاتی ئەوەی هەیە قسەی پێ ببڕێت و لەشوێنی خۆیدا ڕایبگرێت تاوەکو وتووێژەکان بەئاڕاستەیەکی تردا نەڕوات. بەڵام ئەو خۆی جگە لەپاراستنی نیزام بۆ بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکان، بەشداری لەوتووێژەکاندا ناکات و بێلایەنی خۆی دەپارێزێت. بەشێوەیەکی گشتی سەرۆکی ئەنجومەن بەشداری لەدەنگدان ناکات، مەگەر ئەو کاتانە نەبێت کە دەنگەکان یەکسان بن. لەحاڵەتی ناچاریشدا، سەرۆك یەکێك لەو ڕێگایانە هەڵدەبژێرێت کە پێشتر بۆتە عورف لەنێو ئەنجومەندا تاوەکو خۆی لەدەنگدان بپارێزێت و بێلایەن بێت و نەچێتە هیچ بەرەو لایەنێکەوە. ئەو ڕێگایانەش بریتین لەوەی سەرۆك درێژە بەوتووێژەکان دەدات و ڕێگا بەئەندامانی زیاتر دەدات بۆ ئەوەی قسە بکەن و ڕاو بۆچوونی تازە بخەنە ڕوو بەهیوای ئەوەی هەندێك لەئەندامان ڕای خۆیان بگۆڕن و بچنە بەرەکەی ترەوە. یا ئەوەتا دەنگدان دوا دەخات و ڕێگا نادات بگاتە ئەو حاڵەتە بەپاساوی ئەوەی کە گوایە یاساکە جێگای مشتومڕو ناکۆکی زۆرەو نایەوێت بەو شێوەیە دەنگی لەسەر بدرێت کە نەبێتە زۆرینەیەکی بەرچاو.

ئەوەی لەنێو ئەنجومەنی گشتی بەریتانیادا تا ئێستا زیاتر گرەوی لەسەر دەکرێت و جەختی لەسەر دەکرێتەوە، بریتییە لەپرسی بێلایەنی سەرۆك، چونکە بەریتانییەکان بەگشتی پێیان وایە سیستەمی یاسادانانی ئەوان لەبنەمادا بەو شێوە عورفییە هاتووە، ئەگەر ڕۆژێك سەرۆکێك ئەو

عورفە ببەزێنێت و بێلایەنی خۆی لەدەستبدات، مانـای وایـە ڕێـزی خـۆی لەدەست دەدات لەبەردەم ئەندامانی ئەنجومەنی گشـتی و چـیتر ئـەوانیش لەبەرئەوەی بێلایەن نییە ئەو یاساو بڕیارانە قبـوولْ ناکـەن و کـۆی گشـتی کـاری سـەرۆك دەبێتـە جێگـای گومـان بۆیـان و ئاژاوەیـەکی گـەورە سەرهەڵدەدات.

تـۆنی بلێـر ئـەم دانیشـتنانەی لێپرسـینەوە لەسـەرۆکی وەزیـران وا وەسف دەکات کە زۆر ماندووکـەرو بێزارکـەرەو مـرۆڤ دووچـاری دڵـەڕاوکێ دەکات. بلێر ئەم دانیشتنانە بەجۆرێك لەشمشـێربازی دەچـووێنێت، بـەڵام لەمیانەی قسەدا. بلێر پێـی وایـە زۆرجـاریش کاتێـك ئەنـدامێکی پەرلـەمان پرسـیارێك ئاڕاسـتەی سـەرۆکی وەزیـران دەکـات، وەڵامەکـەی سـەرۆك وەزیرانی زۆر بـەلاوە گـرنگ نییـە، هـەر ئەوەندەیـە دەیانـەوێت بەشـداربن لەلێپرسینەوە لەسەرۆکی وەزیراندا. یەکێك لەم خاڵانەی بلێـر ئامـاژەی بـۆ دەکات لەکاتی دانیشتنی لێپرسینەوە لەسەرۆکی وەزیران، بریتییە لـەوەی کـە دەبێـت سـەرۆکی وەزیـران پێشـبینی هـەموو جـۆرە پرسـیارێك بکـات لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بـەردەوام ئەنـدامانی حزبەکـەی خـۆی پێشـتر ئاگاداریـان کردۆتـەوە لـەم پرسیارانەی کە ئۆپۆزسیۆن بەنیازن ئاڕاستەی بکەن.([1])

بێگومـان لـەوەرزی ئەنجامـدانی کۆبوونـەوەکانی ئەنجومەنـدا ئاسـان نییە بەدرێـژایی مـاوەی کۆبوونـەوەکان سـەرۆك بتوانێـت هـەموو ڕۆژێـك و هەموو کاتێك ئامادەیی هەبێت و کاری خۆی بەڕێوە ببـات، بەلایـەنی کـەم بەهۆی سەفەر بێت بۆ دەرەوەی وڵات، یـا نەخۆشـی، ئـەوە سـێ ئەنـدامی

[1] مذكرات طوني بلير، مسيرة رئيس وزراء، الطبعة الاولى، 2011، ص167.

پەرلەمان دەستنیشان دەکرێن بۆ یارمەتیدانی سەرۆك، ئەم سێ ئەندامەش بەنۆرە کۆبوونەوەکان بەڕێوە دەبەن.

سەرۆکی ئەنجومەنی گشتی لەبەریتانیا جگە لەوەی بەرپرسە لەبەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، ئەوە کاری ئیداریشی لەسەرشانە، بۆیە هەموو پرۆژەیەك کە پێوەندی بەچاکردنەوەو دروستکردنی بەشی تازەو نوێکردنەوەی تەلاری ئەنجومەن پێوەندی بەسەرۆکەوە هەیەو ئەو لەڕووی کارگێڕییەوە لەئەنجامدانیان و جێبەجێکردنیاندا بەرپرسەو بەشێکە لەدەسەڵاتەکانی سەرۆك. سەرۆك بۆی هەیە دەستەی کارگێڕی و ستافی نووسینگەکەی خۆی دەستنیشان بکات تاوەکو یارمەتی بدەن لەبەڕێوەبردنی کاری کۆبوونەوەکان و کاری ئیداری، هەروەها کاری پرۆتۆکۆڵ و پێشوازی میوانان و ڕێکخستنی سەردان و دیدارەکانی ڕۆژانەی، بەو شێوەیە سەرۆك سوود لەشارەزایی ستافی خۆی وەردەگرێت کە بەپێی کاری نووسینگەی و پێداویستی خۆی لەبارەی یاساکان دەستنیشانیان دەکات و کاریان بەسەردابەش دەکات و هاوکاری دەکەن لەکاری ڕۆژانەیدا،[1] بۆیە مافی خۆیەتی ئەو کەسانە دابمەزرێنێت و پلەیان بەرز بکاتەوە بەپێی سیستەمی خزمەت و ڕاژەی گشتی بەریتانی.

[1]) هەندێکجار ڕۆتینی کاری ئیداری وا دەکات سەرۆکی پەرلەمان بەگشتی نەپەرژێتە سەر کاری سەرەکی خۆی کە بریتییە لەبەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکان، چونکە سەرقاڵکردنی سەرۆك بەکاری ئیداری دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانێت وەکو پێویست کاری خۆی ئەنجام بدات، لەو بارەیەوە ڕاپۆرتی نێو دەوڵەتی زۆر هەن کە ئاماژە بۆ ئەم خاڵە دەکەن لەنێو پەرلەمانداو سەرۆکی زۆر وڵاتیش دووچاری ئەم کێشەیە هاتوون.

## بەشی دووەم

## مۆدێلی کۆنگرێسی ئەمریکی ــ U.S. Congress Model

کۆنگرێسی ئەمریکا مەزنترین و گەورەترین دامـەزراوەی دەسـتوورییە لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاداو بریتییە لەو دەستەیەی کـە هـەموو پرۆژە یاسـاکانی ئـەم وڵاتـە دادەڕێـژێت و دەنگـی لەسـەر دەدات تـاوەکو هێـزی یاسـایی خۆیـان وەربگـرن لـەنێو سیسـتەمی سیاسـیداو لـەدوو ئەنجومەن پێکدێت: ئەنجومەنی پـیران ــ سینات، ئەنجومـەنی نوێنـەران. لەم ڕوانگەیەوە کە دەسـەڵاتێکی باڵایـە، کۆمـەڵێك بەرپرسـیارێتی گرنگـی دەکەوێتـە ئەسـتۆ، بەتایبـەتیش لـەبارەی داڕستنی پـڕۆژە یاسـاکانی کـە ژیـانی کۆمەڵگـەی ئـەمریکی ڕێکدەخـەن و ئاڕاسـتەی دەکـەن و بـەڕێوەی دەبەن. کۆنگرێس توانای دەسەڵاتی هەیـە دەسـتووری ئـەمریکاش هـەموار بکاتەوەو پێشنیاری هەموارکردنەوەکان بخاتە بەرنامـەی کـارو وتووێـژیان لەبارەیەوە بکات، هەروەها دەسەڵاتی ئەوەشی هەیـە کـە هەنـدێك پۆسـت لەنێو وڵاتدا پڕ بکاتـەوەن بەتایبـەتیش کاتێـك ئـەم پۆسـتانە پێوەنـدییان بـەدادگای بـاڵای فیـدراڵی و دادوەرەکانییـەوە هـەبێت، هـەروەها مـافی ئەوەشی هەیە ناڕەزایی دەربڕێت لەسەر دامەزرانـدن و دەستنیشـانکردنی وەزیرەکان و هەندێك پۆسـتی حکـومی گـرنگ کـە دەبێـت بەڕەزامەنـدی و دەنگدانی کۆنگرێس بێت.

ئەنجومەنی پیران لە (100) ئەندام پێکـدێت کـە نوێنەرایـەتی (50) ویلایەت دەکەن و لەهەر ویلایەتێك دوو ئەندام نوێنەرایەتی دەکات. ماوەی نوێنەرایەتی هەر ئەنـدامێك لـەو ئەنجومەنـە بریتییـە لەشـەش سـاڵ، بـۆی

هەیە هەتا پێی دەکرێت هەموو جارێك خۆی کاندید بکاتەوە. ئەندامانی ئەنجومەنی پیران بەمەبەستی ڕێکخستنی کاری هەڵبژاردنەکان، هەموو دوو ساڵ جارێك بەشێکیان هەڵدەبژێردرێن، بەوەش بەردەوام ئەندامی خاوەن شارەزایی لەنێو ئەم ئەنجومەنەدا بوونیان هەیە.

ئەنجومەنی نوێنەران وا ناسراوە کە بریتییە لەئەنجومەنی گەل و لە (435) نوێنەرو ئەندام پێکدێت بەپێی ڕێژەی دانیشتووانی ویلایەتەکان دابەشکراون، پێنج هەرێمی ئەمریکیش هەن کە نوێنەریان لەو ئەنجومەندا هەیە، بەڵام بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت کە بریتین لە: هەرێمی کۆلۆمبیا، ساموای ئەمریکی، گوام، پۆرتۆریکۆ، دوورگەکانی ڤێرجینی ئەمریکی.([1]) هەر ئەندامێکی ئەم ئەنجومەنە تەنیا بۆ ماوەی دوو ساڵ ئەندامێتی دەکات، بەڵام بۆیان هەیە ئەوەندەی کە دەتوانن و دەنگ بەدەست دێنن هەمووجار خۆیان کاندید بکەنەوە. ئەوە ئەندامان لەنێو خۆیاندا سەرۆکی کۆنگرێس هەڵدەبژێرن کە بەرپرسێکی بەرزی حزبی زۆرینەیە.

سەرۆکی کۆنگرێسی ئەمریکی لەڕووی مێژووییەوە دەسەڵاتەکانی لەژێر کاریگەری مۆدێلی بەریتانی دامەزراوەو ڕەگوریشەیەکی قووڵی ئینگلیزییانەی هەیە، تەنیا یەك جیاوازی نەبێت ئەویش بریتییە لەوەی کە سەرۆکی کۆنگرێس لەنێو حزبی زۆرینەدا هەڵدەبژێردرێت و دەستنیشان دەکرێت، بەو مانایەی وەکو دەسکەوتێکی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان،

---

[1]) موسوعة ویکیبدیا، من الانترنت.

سەرۆکی کۆنگرێس بەردەوام بۆ حزبی زۆرینـە دەبێـت.[1] دەسـەڵاتەکانی سەرۆکی کۆنگرێس لەئەمریکا هێزی خۆی هەیە، چونکە لـەنێو دەسـتووردا یەکێك لەو چوار کەسە دەسەڵاتدارەی کە ئاماژەیان بۆ کراوەو بـریتین لـە: سەرۆکی کۆمار، جێگری سەرۆکی کۆمار، سەرۆکی دادگـای بـاڵا، سـەرۆکی کۆنگرێس. کاتێك سەرۆك سەر بەکوتلـەی زۆرینـە دەبێـت، ئـەوە بێگومـان هەوڵـدەدات پرۆگـرام و بەرنامـەی هەڵبـژاردنی ئـەم حزبـە جێبـەجێبکات تاوەکو مسۆگەری بکات جارێکی تریش ببێتەوە زۆرینـە لەهەڵبژاردنـەکانی داهاتوودا. بۆیە سەرۆك دەیەوێت پرۆگرامی سیاسی و حزبی و یاسـادانانی حزبەکەی خۆی پێشبخات و کاریان بۆ بکات. ئەم جۆرە کارکردنە بێگومان دەبێتە هۆی بەریەککەوتن لەگـەڵ حزبـەکانی تـر، بەتایبـەتیش حزبـەکانی ئۆپۆزسـیۆن کـە ئـەوانیش دەیانـەوێت ئاسـتەنگ لەبـەردەم کـاری حزبـی زۆرینـە دروسـتبکەن و پرۆگرامـەکانی سـەرۆك سـەرکەوتوو نـەبێت و دژی دەوەستنەوەو هەڵدەدەن پرۆژە یاساکانی شکست پێ بێنن.

لێـرەدا بەپێچـەوانەی سیسـتەمی بـەریتانی، سـەرۆك بێلایـەن نییـەو بەشێکی زۆر کاریگەریشە لەجێبەجێکردنی کارنامەی حزبـی زۆرینـە، بۆیـە سەرۆك مافی ئەوەی هەیە لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنـدا یارمـەتی ئـەو کاندیدانــە بــدات کــە ئەنــدامی کۆنگرێســن و دەیانــەوێت لەهەڵبــژاردنی داهـاتوودا دیسـان خۆیـان کاندیـد بکەنـەوەو ببنـەوە ئەنـدامی کـۆنگرێس. سەرۆك بۆی هەیە یارمەتیان بدات و بانگەشەیان بـۆ بکـات و دەنگیـان بـۆ

[1]) رؤساء الجلسات، سلسلة الابحاث التشريعية، البحث الاول، اعداد: المعهد الديمقراطي الوطني للشؤن الدولية، ترجمة: نور الاسعد، مراجعة: مي الاحمر، لبنان، ص8.

کۆبکاتەوەو ئاماژە بۆ ڕۆڵی گرنگی ئەوان بدات لەنێو کۆنگرێسدا، چونکە ئەو هەر لەسەرەتاوە بێلایەن نییەو دەیەوێت ئەندامانی حزبەکەی زۆرترین کورسی و باشترین دەنگ بەدەستبێنن، بۆیە دەتوانێت پۆستەکەی خۆی بەکاربێنێت.

هەروەها سەرۆکی کۆنگرێس مافی ئەوەی هەیە ئەندامانی لیژنە تایبەتەکان دەستنیشان بکات کە کۆنگرێس بڕیار لەسەر دامەزراندنیان دەدات بۆ تێپەڕاندنی هەندێك پڕۆژە یاسای بەهێز کە جێگای مشتومڕی زۆرن، سەرۆك دەتوانێت ئەندامەکانی ئەو لیژنانە بەخۆی دەستنیشان بکات، چونکە هەموو ئەو دەسەڵاتانەی هەیە.([1]) ڕەنگە هەندێجار لەهەندێك لیژنەدا بیەوێت تەنیا ئەندامانی حزبەکەی خۆی دابنێت، یا لەهەندێك لیژنەی تردا حەز بکات کەسانێکی دیاریکراو بەشداری تێدا بکەن، هەموو ئەو کارە هونەرییانە لەدەسەڵاتەکانی خۆیدایەو حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنیش ناتوانن ڕێگری لێبکەن.

سەرۆکی کۆنگرێس بۆی هەیە دوو کەس لەنێو ئەو ئەنجومەندا دەستنیشان بکات تاوەکو یارمەتی بدەن لەبەڕێوەبردنی ئیش و کارەکاندا، ئەو خۆی وەکو سەرۆك ئەرکی سەرەکی ئەوەیە کۆبوونەوەکان بەڕێوە ببات، بەڵام بێگومان ئەو کارە بەتەنیا ناکرێت، بۆیە سەرۆك دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کەسێك وەکو هاوکارو جێگری خۆی دەستنیشان بکات بۆ یارمەتیدانی لەئیدارەدانی وتووێژی پەرلەمانی، لەگەڵ کەسێکی

---

[1]) رؤساء الجلسات، سلسلة الابحاث التشريعية، البحث الاول، اعداد: المعهد الديمقراطي الوطني للشؤن الدولية، ترجمة: نور الاسعد، مراجعة: مي الاحمر، لبنان، ص9.

تریشدا وەکو یاریدەدەرو بڕیاردەرو سکرتێر تاوەکو هاوکارییان بکەن. لێرەدا ئێمە دەبینین دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرێسی ئەمریکا دەبێتە سێ کەس، کە لەسەرووی هەموویانەوە سەرۆکی کۆنگرێس دێت و پۆستەکەی جکە لەوەی پێوەندی بەدانانی یاساوە هەیە، بەڵام پۆستێکی سیادی گرنگیشە. هەروەها سەرۆکی کۆنگرێس بۆی هەیە هەندێك کەس لەهەندێك پۆستی دیاریکراو دابمەزرێنێت لەنێو کۆنگرێسداو هەر لەکۆنەوە ئەو پۆستانە وا دانراون کە دەبێت بۆ کەسانێك بن نزیك لەخۆی وەکو ستافی ئیدارەی نووسینگە کاری لەگەڵ بکەن. هەندێك لەو پۆستانەش کە پێوەندییان بەدیسپلینی هۆڵی کۆبوونەوەو ئەرشیفکردن و پۆستەو نووسینگەی دارایی و کارگێڕییەوە هەیە کە بەرپرسیارێتی خۆیەتی.

یەکێك لەدەسەڵاتە گرنگەکانی سەرۆکی کۆنگرێسی ئەمریکی بریتییە لەوەی کە ئەو بەرپرسە لەدانانی سەرۆکی ئەنجومەنی سیاسەت لەنێو کۆنگرێسدا،[1] هەروەها هەر ئەویش بەرپرسیارە لەدانانی کەسێك بۆ پۆستی سەرۆکی لێژنەی یاسایی لەنێو کۆنگرێسدا.[2] وەکو عورفێکیشی

---

[1]) ئەنجومەنی سیاسەت لێژنەیەکە لەنێو کۆنگرێسی ئەمریکا کاری داڕشتنی سیاسەتی ئەمریکایە لەنێو کۆنگرێسدا لەمیانەی پڕۆژە یاسای سیاسیدا، بۆیە لێژنەیەکی هەرە گرنگەو هەموو حزبێکی براوە چاویان لەسەرۆکایەتیکردنی ئەم لێژنەیەیە بەحوکمی ئەوەی ڕاستەوخۆ پێوەندی بەوەزارەتی دەرەوەو سیاساتی نێو خۆیی و دەرەکییەوە هەیەو کار دەکاتە سەر سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بەجیهان، بۆیە هیچ حزبێکی براوە ئامادە نییە بیداتە ئۆپۆزسیۆن و بەمافێکی گرنگی خۆیانی دەزانن.

[2]) لێژنەی یاسایی گرنگترین لێژنەی کۆنگرێسەو پێم وابێت لەنێو هەموو پەرلەمانێکدا ئەم لێژنەیە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، چونکە ئەم لێژنەیە بەرپرسیاری سەرەکییە لەدەستنیشانکردنی ئەو یاسایانەی کە دەبێت بخرێنە ئەجندەی کاری کۆبوونەوەکان، بۆیە سەرۆکی ئەم لێژنەیە دەتوانێت پڕۆژە یاساکانی حزبەکەی خۆیان پێشبخات و بایەخیان پێبدات، هەروەها بەپێچەوانەشەوە پڕۆژە یاساکانی ئۆپۆزسیۆنیش دوا بخات و بەربەستیان بۆ دروستبکات.

لێهاتووه، هەموو سەرۆکەکانی کۆنگرێس کاتێك ئەو کەسانە بۆ ئەم پۆستە گرنگانەی کۆنگرێس دیاری دەکەن، بەردەوام کەسانێکن نزیـك لـەخۆیان و پێوەندی باشیان لەگەڵیان هەیەو متمانەیان پێدەکەن، بۆیە بەردەوام ئـەم دوو پۆستە گرنگەی نێو کـۆنگرێس بەدەسـتی حزبـی زۆرینـەوەن، چـونکە لەلایـەن سـەرۆکەوە دادەنـرێن و دەستنیشـان دەکـرێن و ناچـێتە خانـەی سازشکردن و پێدانی بەئۆپۆزسیۆن، چونکە ئـەم دوو لێژنەیـە وا ناسـراون کە ڕوحی کۆنگرێسن.

بەگشتی سەرۆکی کۆنگرێس ماف و دەسەڵاتی ئەوەی هەیە سەرۆکی هـەموو لێژنـەکان بـەخۆی دەستنیشـان بکـات، چـونکە کـۆنگرێس خـۆی دەسەڵاتی ئەوەی بەسەرۆکەکەی خۆی داوە کە هەموو قۆناغـەکانی کـاری یاسادانان بەڕێوە ببات، بۆیە لێژنەکان و سەرۆکی لێژنەکانیش پێداویسـتی سەرەکین لەنێو ئەم پڕۆژەیەدا. بەڵام دەبێت سـەرۆکی کـۆنگرێس لـەکاتی دەستنیشانکردنی سەرۆکی لێژنـەکان پشـت بەپسـپۆڕی و شـارەزایی ئـەو کەسـانە ببەسـتێت کـە بـۆ ئـەم لێژنانـە دەستنیشـانیان دەکـات و بـەپێی پسپۆڕی و پیشەی ئەندامان بێت. سەرۆکی کۆنگرێس مـافی ئـەوەی هەیـە پڕۆژە یاساکان ئاڕاستەی لێژنەکان بکات بۆ وتووێژو ئامادەکردنی ڕاپـۆڕت لەبارەیانەوە تاوەکو لەنێو هۆڵدا بخرێنە ڕوو و وتووێژیان لەسـەر بکرێـت و بخرێنــە دەنگــدان.(١) بــەو شــێوەیە دەبیــنین بــەحوکمی ئــەو هــەموو دەســەڵاتەی کــە پێــی دراوە، ســەرۆکی کــۆنگرێس دەتوانێــت بەتــەواوی

[1]) رؤساء الجلسات، سلسلة الابحاث التشريعية، البحث الاول، اعداد: المعهد الديمقراطي الوطني للشؤن الدولية، ترجمة: نور الاسعد، مراجعة: مي الاحمر، لبنان، ص9.

کـۆنترۆڵی پرۆســەی یاســادانان بکــات و ئاڕاســتەی بکــات بەشــێوەیەك لەبەرژەوەنــدی سیاســەتی حزبەکەیدایــە. یــەکێك لەدەســەڵاتە هــەرە گرنگــەکانی ســەرۆکی کۆنگرێســی ئــەمریکا، بریتییــە لــەوەی کــە ئــەو دەســەڵاتی دەستنیشــانکردنی ســەرۆکی لیژنــەکانی کۆنگرێســی هەیــەو لەلایـەن ئـەوەوە سـەرۆکەکان دەیـاری دەکـرێن و دەستنیشـان دەکـرێن، ئـەوەش دەسـەڵاتێکی زۆر گـەورەو فراوانـە بـەجۆرێك سـەرۆك دەتوانێـت هەموو ئەو کەسانە لەنێو لیستی حزبەکەی خۆیدا دەستنیشان بکـات، بـەو شێوەیە تـەواوی لیژنـەکانی کـۆنگرێس لەلایـەن حزبـی بـراوەو فـەرمانڕەوا کۆنترۆڵ دەکرێت. لەم ڕوانگەیەوە تەماشای ئەو هـەموو دەسـەڵاتە بکـەین کـە دەسـتووری ئـەمریکی و پێـڕەو نـاوخۆی کـۆنگرێس بەسـەرۆکیانداوە، لەوە تێدەگەین کە سەرۆك بەیەکجاری زاڵە لەسەر پرۆسەی یاسادانان لـەو وڵاتــە زلهێــزەداو بەشــێوەیەکی کــارا دەتوانێــت بەشــداربێت لەپرۆســەی سیاسیدا.

لەبەرئەوەی دەبینین سەرۆکی کـۆنگرێس دەسـەڵاتێکی زۆرو فراوانـی پێداروە لەپرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا، بۆیە کۆبوونەوەکانی کۆنگرێس و لیژنەکان و وتووێژەکان بەشێکی زۆری کاتی سەرۆك دەبات، بۆیـە ناچـارە بەهەنـدێك کـاری ئیـداری و کـارگێڕی و لۆجسـتی خـەڵکێك دابمـەزرێنێت تاوەکو یارمەتی بدەن لەم کارانـەدا، بۆیـە هەنـدێکجار داوا لـەهاوکارەکانی دەکات لەدەستەی سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکان بەڕێوەببـەن، تـاوەکو ئـەو بتوانێت ڕۆژانە بەشێك لەکاتەکانی خۆی بۆ کاری کارگێڕی تەرخان بکات.

وەکو ئاماژەمان بۆ کرد سەرۆکی کۆنگرێس کاندیدی لیستی براوەیەو سەرۆکی لیستەکەشە بۆ کۆنگرێس، ئەویش بۆیە لەلایەن حزبەکەیەوە بۆ ئەم پۆستە گرنگە کاندیدکراوە، چونکە یا ئەوەتا سەرۆکی حزبەکەیە، یا جێگری سەرۆکە، یا یەکێکە لەسەرکردە دەستڕۆیشتووەکانی نێو حزبەکە، ئەم پۆستە لەلایەن حزبەکانەوە زۆر بەگرنگ تەماشا دەکرێت و کەسانی پلەبەرزی نێو حزبەکە بەڕێوەی دەبەن. کەواتە مادام کاندیدی حزبی زۆرینەیە، ئەوە لەسەریەتی پرۆژە یاساو پرۆگرامەکانی حزبی زۆرینە جێبەجێبکات لەماوەی خولی سەرۆکایەتیدا تاوەکو لەنێو حزبەکەیدا شانسی ئەوەی هەبێت کاندید بکرێتەوە بۆ جاری دووەم و سێیەم. سەرۆکی کۆنگرێس بەهۆی ئەو پۆستە سیاسی و حزبیەی هەیەتی، ڕۆژانە دیداری سیاسی خۆی هەیە لەگەڵ سەرکردەو کادیرە باڵاکانی نێو حزبەکەی خۆی و کۆبوونەوەو ڕاوێژیان پێدەکات تاوەکو بەباشترین ڕێگاو شێوە پرۆژە یاساکان بخاتە بەرنامەی کارو گرێنتی پاڵپشتی ئەوان بکات.

دەستووری ئەمریکی ڕێگا بەسەرۆکی کۆنگرێس دەدات بچێتە شوێنی جێگری سەرۆک لەهەر حاڵەتێکی لەناکاودا ئەگەر سەرۆک کۆچی دواییکرد، یا نەخۆشکەوت و نەیتوانی کارەکانی خۆی ئەنجام بدات، یا بەهەر هۆکارێکی تر شوێنەکەی چۆڵ بوو، ئەوە ڕاستەوخۆ جێگری سەرۆک پۆستی سەرۆکایەتی وەردەگرێت و سەرۆکی کۆنگرێسیش دەبێتە جێگری سەرۆک بۆ ماوەی کاتی تاوەکو لەڕێگای هەڵبژاردنی تازەوە سەرۆکێکی

تـازە هەڵدەبـژێردرێت.(١) لـەو ماوەیـەدا کـە سـەرۆکی کـۆنگرێس دەبێتـە جێگری سەرۆك، هـەر وەکـو سـەرۆکی کۆنگرێسـیش دەمێنێتـەوە تـاوەکو کــاری لەســەرۆکایەتی تــەواو دەبێــت و بەتــەواوی دەگەڕێتــەوە ســەر پۆستەکەی خۆی لەکۆنگرێس.

سیسـتەمی کـۆنگرێس لەئـەمریکاو دەنگـدان لـەنێو دیموکراتییـەتی ئــەمریکی بەسیســتەمی دەنگــدانی زۆرینــەو کەمینەیــە، بۆیــە ســەرۆکی کـۆنگرێس کـە نوێنەرایـەتی زۆرینـە دەکـات بەئاسـانی دەتوانێـت پـڕۆژە یاساکان بخاتـە بەرنامـەی کـارو وتووێـژیان لەبارەیـەوە کـۆنترۆڵ بکـات و بیانخاتە دەنگدان و مسۆگەری ئەوە بکات کـە پڕۆژەکـە دەنگـی پێویسـت دەهێنێت بۆ تێپەڕاندن. بەگشتی لەنێو کۆنگرێسـدا وەرگرتنـی ڕای زۆرینـە زاڵــە، بــەهیچ شـێوەیەك کەمینـە ناتوانێـت پـڕۆژە یاسـاکان پـەکبخات و نــەهێڵێت تێبپــەڕن. بۆیــە ســەرۆکی کـۆنگرێس تاڕادەیـەکی زۆر لــەکاتی وتووێژی پڕۆژە یاساکاندا هەوڵدەدات بیلایەن بێت، کـاری ئەوەیـە مـاوەی قسەکردنی ئەندامان ڕێکبخات و ڕێگە بە ئەندامەکان بدات وتووێـژ بکـەن و سیستەم و ئاداب و نیزامی دانیشـتنەکە بـەڕێوە ببـات و بپارێزێـت. ئەگـەر سەرۆك ویستی بەشداری لەوتووێژەکاندا بکات و قسەی خۆی بکـات وەکـو ئەنـدامێکی کـۆنگرێس، ئـەوە دەبێـت لەسـەر کورسـییەکەی خـۆی بێتـە خــوارەوەو لــەڕێزی ئەندامــەکان دانیشــێت و لــەوێوە قســە بکــات، لــەو حاڵەتەشدا جێگرەکەی دەچێتە شـوێنی ئـەو دانیشـتنەکە بـەڕێوە دەبـات

---

[1]) رؤساء الجلسات، سلسلة الابحاث التشريعية، البحث الاول، اعداد: المعهد الديمقراطي الوطني للشؤن الدولية، ترجمة: نور الاسعد، مراجعة: مي الاحمر، لبنان، ص9.

تاوەکو سەرۆك قسەکانی خۆی تەواو دەکات.(ٓ) وەکو گوتمان سەرۆك بۆی هەیە دەنگبدات لەکاتی دەنگدان لەسەر پڕۆژە یاساکان، بەڵام هەوڵدەدات ئەو کارە نەکات و پێویستیش نییە بیکات مادام ئەو سەرۆکی لیستی زۆرینەیەو لیستەکەش پێویستی بەدەنگی ئەو نییە، بۆیە دەنگ نەدات باشترە. لەحاڵەتێکدا سەرۆك ناچار دەکرێت دەنگ بدات کاتێك دەنگەکان یەکسان بوون، ئەوکاتەش سەرۆك دەنگ دەدات و دەنگەکەی ئەو وتووێژەکان یەکلا دەکاتەوەو چارەنووسی پڕۆژە یاساکەش دیاری دەکات.

---

[1]) رؤساء الجلسات، سلسلة الابحاث التشريعية، البحث الاول، اعداد: المعهد الديمقراطي الوطني للشؤن الدولية، ترجمة: نور الاسعد، مراجعة: مي الاحمر، لبنان، ص10.

# بەشی سێیەم

## مۆدێلی نووسینگەی([1]) فەڕەنسی ـ French Bureau Model

لەوەتەی ساڵی (1789) دا(2) بەردەوام ململانێی قووڵ و گەورە هەبووە لەنێوان دەسەڵاتی پاشایەتی و ئەنجومەنی یاسادانان و سەرۆکدا. دوای ئەوەی بەیەکجاری کۆتایی بەدەسەڵاتی بنەماڵەی پاشایەتی هات و فەڕەنسا بووە وڵاتێکی کۆماری، بەوەش لایەنێکی گرنگ لەنێو هاوکێشەی سیاسی و کێشەی سیاسیدا لەناو چوو، بەڵام کێشەی دەسەڵاتەکانی پەرلەمان و سەرۆك و ململانێ لەنێو حکومەت و پەرلەماندا هەر بەردەوام بوو.(3) ئەو ململانێیە ئەنجامی ناڕۆشنی لەیەك دابڕاندنی دەسەڵاتەکان بوو کە ڕۆشنبیران و ڕۆشنگەرانی فەڕەنسی لەسەر ئاستی سیاسی و فەلسەفیدا ڕابەرایەتیان دەکرد. تیۆری لەیەکتر دابڕاندن و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەسەرەتادا کۆمەڵێك کێشەی زۆری بۆ دیموکراتییەتی فەڕەنسی دروستکرد، چونکە تیۆری جیاواز هەبوو، هەروەها ترسی زۆریش هەبوو لەوەی ئەگەر دەسەڵاتەکانی سەرۆك بەڕادەیەکی زۆر زیاتر بێت، مەترسی ئەوە هەیە ناپلیۆنێکی تر سەرهەڵبداتەوەو فەڕەنسا بخاتەوە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی تاکڕەوی.

---

[1]) بەشێوەو ناوی فەرمی بریتییە لەبیرۆ ـ نووسینگە، ئێمە لێرە لەو بەشەدا بەردەوام زاراوەی پەرلەمان بەکاردێنین بۆ دەلالەتکردنی لەنووسینگەی فەڕەنسی.

[2]) لەم ساڵەدا شۆڕشی فەڕەنسی هەڵگیرساو میللەتی فەڕەنسا یەکێك لەناودارترین شۆڕشیان ئەنجامدا لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، لەو کاتەوە بەردەوام ململانێ هەبووە لەسەر زیادی و کەمی دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی فەڕەنسی.

[3]) رؤساء الجلسات، سلسلة الابحاث التشريعية، البحث الاول، اعداد: المعهد الديمقراطي الوطني للشؤن الدولية، ترجمة: نور الاسعد، مراجعة: مي الاحمر، لبنان، ص11.

بەگشتی فەڕەنسییەکان بەردەوام ترسی زۆریان هەبووە لەزێدە دەسەڵاتەکانی سەرۆك، بۆیە هەوڵیانداوە بەهەر شێوەیەك بێت جۆرێك لەهاوسەنگی دروستبکەن لەنێوان پەرلەمان و سەرۆکدا، ئەوەش بەردەوام کارێکی زەحمەتە. ئەو کێشەو ململانێیە بۆ چەندین ساڵ بەردەوام بوو تاوەکو لەسەردەمی شارل دیگۆلی سەرۆکدا لەساڵی (1958)(1) دەستوورێکی نوێ دەرکرا کە بووە هۆی دامەزراندنی کۆماری پێنجەم لەفەڕەنسا. ئەم دەستوورە تازەیە جەختی کردە سەرئەوەی کە پێویستە سەرۆك ڕاستەوخۆ لەنێو دەنگدانی گشتی جەماوەردا هەڵبژێردرێت، بەوەش دەسەڵاتەکانی سەرۆکی زیاتر کرد لەبەرانبەر پەرلەمان و سەرۆکی پەرلەماندا، بەجۆرێك سەرۆکی فەڕەنسا دەتوانێت بەتەواوی پەرلەمان فەرامۆشبکات و گوێی پێنەدات ئەگەر بیەوێت، بەتایبەتیش ئەو دەسەڵاتەی پێدراوە کە توانای ئەوەی هەیە هەر پڕۆژە یاسایەك لەپەرلەماندا ڕەتبکرێتەوە، سەرۆك دەتوانێت داوای ڕیفراندۆمی گشتی بۆ بکات و بیخاتە بەردەم ڕای گشتی تاوەکو خۆیان ڕاستەوخۆ بڕیاری لێوە بدەن، بەوەش پەرلەمان ناچار دەبێت ملکەچی ڕیفراندۆمی جەماوەری بێت.

لەهەر ڕیفراندۆمێکدا ئەگەر هەر پڕۆژە یاسایەکی پێشنیارکراو دەنگی زۆرینەی خەڵکی بەدەستهێنا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکییانە دەبێتە یاساو

---

[1]) لەڕاستیدا ئەم دەستوورە جگە لەوەی ئەنجامی ململانێی مێژوویی دوورو درێژ بوو لەنێوان دوو ڕەوت و گرووپدا، بەڵام ڕاستەوخۆ ئەنجامی شکستی سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی فەڕەنسی بوو لەجەزائیر، چونکە پەرلەمانی فەڕەنسی کۆت و بەند کرابوو پێش ئەوکاتەو نەیدەتوانی بەشێوەیەکی کارا بجوڵێتەوەو ڕەفتار بکات لەئاست گەورەیی ئەم کێشەیەدا کە دواتر بووە هۆی دابڕانی جەزائیرو سەربەخۆبوونی لەفەڕەنسا.

پێویستی بەدەنگدان و وتووێژی پەرلـەمانی نییـە. سـەرۆکەکانی فەڕەنسـا لـەدوای ئـەم دەسـتووره تازەیـەدا بوونەتـە خـاوەنی دەسـەڵاتێکی بـەهێز لەسەر حیسابی پەلـەمان و دەسـەلاتی یاسـادانان و سـەرۆکی پەرلەمانـدا. سـەرۆکی فەڕەنسـا بـەپێی دەسـتوور زۆرینـەی دەسـەڵاتەکانی وڵاتـی بەدەستەوەیە، بۆیە هەر خـۆی، نـەوەکو پەرلـەمان سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیران دەستنیشان دەکات تاوەکو حکومەت پێکبێنێت، بـەڵام بێگومـان سـەرۆکی حکومـەت دەسـەڵاتێکی زۆری نییـە بـەو ڕادەیـەی بگاتـە دەسـەڵاتەکانی سـەرۆك کۆمـار. ڕاسـتە سـەرۆك کۆمـار خـۆی سـەرۆکی حکومـەت دەستنیشـان دەکـات و داوای لێ دەکـات حکومـەت و کابینـەی وەزاری پێکبێنێـت، بـەڵام سـەرۆکی حکومـەت دەبێـت بچـێتە بـەردەم پەرلـەمان و لـەوێوە متمانـە بەدەسـت بێنێـت و دەنـگ بـدرێت لەسـەر پێکهاتەی حکومەتەکەی، بۆیە پێویستی بەزۆرینەی دەنگەکانی پەرلەمانـە تاوەکو حکومەتەکەی شەرعییەتی تەواو بەدەست بێنێت.

لەڕاستیدا ئەو مەسـەلەیەش زۆرجـار کێشـەی زۆر بـۆ سـەرۆك کۆمـار دروست دەکات، وەکو ئەوەی سەرۆکی پەرلەمان ماوە ماوە بیەوێت ئـەوە بیر سەرۆك کۆمـار بخاتـەوە کـە سـەرەڕای هـەموو دەسـتوورێك، سـەرۆکی پەرلەمان دەسەڵاتی خۆی هەیە لەنێو هۆڵی پەرلەمانداو دەتوانێت بـەکاری بێنێت. هەندێکجار وا هاتۆتە پێش سەرۆك کۆمار کەسـێك کاندیـد دەکـات، بەڵام ئەم کەسە دەنگی پێویست بەدەست ناهێنێت لەنێو پەرلەماندا، بۆیە زۆرینە سەرۆك کۆمار ناچار دەکات کەسێك بۆ پۆستی سـەرۆکی حکومـەت کاندید بکات کە سەر بە ئەوان بێت، یا بەلایـەنی کـەم نـەیاری سیاسـەت و

پرۆژەکانی ئەوان نەبێت تاوەکو دەنگی پێبدەن. خۆ ئەگەر سەرۆك کۆمار لەسەر کاندیدکردنی کەسێك سوور بوو، ئەو کەسەش دەنگی پێویستی بەدەستهێنا لەپەرلەماندا، ئەوە پەرلەمان دەتوانێت کێشەی زۆری بۆ دروستبکات و هەموو ڕۆژێك بەبیانوێك بانگهێشتی پەرلەمانی بکەن بۆ میوانداری و لێپرسینەوە، تا دەگاتە ئەو حاڵەتەی کە ئەگەر هاوسەنگی دەنگەکان گۆڕا، ئەوە دەتوانێت سەرەڕای پاڵپشتی سەرۆك کۆماریش، متمانە لەسەرۆکی حکومەت بسەنێتەوەو سەرۆك کۆمار ناچار بکەن کەسێکی تری نزیك لەزۆرینە کاندید بکات بۆ ئەم پۆستە. ئەم حاڵەتەش ماوە ماوە ڕوویداوەو شتێکی تازە نییە لەنێو دیموکراتییەتی فەڕەنسی کە سەرۆك کۆمارو سەرۆکی حکومەت سەر بەدوو حزبی جیاواز بن.

فەڕەنساش وەکو ئەمریکا دوو ئەنجومەنی هەیە، یەکەمیان پەرلەمانە (Assemblee Nationale) کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت لە (331) ئەندام پێکدێت بۆ ماوەی شەش ساڵ.([1]) ئەم ئەندامانە لەهەڵبژاردنی گشتی ناڕاستەوخۆدا هەڵدەبژێردرێن و هەموو سێ ساڵ جارێکیش نیوەی ئەندامانی دەگۆڕدرێت. ئەم ئەنجومەنە دەسەڵاتێکی دیاریکراوی هەیە.

دووەمیان ئەنجومەنی پیرانە (Senat) کە لەهەرێم و شارە جیاوازەکانەوە هەڵدەبژێردرێن و نوێنەرایەتی بەرژەوەندی ئەو ناوچانە دەکەن و لە(577) ئەندام پێکدێت و بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەڵدەبژێردرێن

[1]) لەساڵی (2004) کرا بە شەش ساڵ، پێشتر ماوەیان نۆ ساڵ بوو.

و دەسەڵاتی زۆر زیاتری هەیە لەئەنجومەنی پیران.(١) دەستوور پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی دیاریکردووە، بەڵام هەرگیز ڕێگای پێنەداوە لەکاتی نەمانی سەرۆك و بۆشایی لەسەرۆکایەتی، سەرۆکی پەرلەمان ناتوانێت جێگای سەرۆك بگرێتەوە، ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بێت. بەڵام سەرۆکی ئەنجومەنی پیران بەشێوەیەکی کاتی ئەو پۆستە پڕ دەکاتەوە تاوەکو لەنزیکترین دەرفەتدا سەرۆکی تازە هەڵدەبژێردرێت.

ماوەی سەرۆکایەتی بۆ سەرۆکی پەرلەمان دیاری نەکراوە، بۆیە ماوەکە کراوەیەو سەۆکی پەرلەمان دەتوانێت هەموو هەڵبژاردنێك خۆی کاندید بکاتەوەو دەنگی پێویست بێنێتەوەو ببێتە ئەندامی پەرلەمان، تاوەکو دواتر لەوێوە خۆی بپاڵێوێتەوەو ببێتەوە بەسەرۆك، لەکاتێکدا ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆك کۆمار دیاریکراوە بەپێی دەستوور بۆ دوو خول.

کاری سەرۆکی پەرلەمان وەکو هەر سەرۆکێکی تری پەرلەمان بریتییە لەئیدارەدانی کۆبوونەوەکان و ڕێکخستنی وتووێژی نێو پەرلەمان و دەستنیشانکردنی پڕۆژە یاساکان بەپێی گرنگی و بایەخیان و دانانی بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکان و ئاسانکاری کردن بۆ ئەندامان تاوەکو بتوانن ڕاوبۆچوونی خۆیان بخەنە ڕوو. هەروەها سەرۆکی پەرلەمان بەرپرسیارە لەپتەوکردن و دروستکردنی پێوەندی پەرلەمانی لەگەڵ پەرلەمانەکانی تری وڵاتان و ناردن و پێشوازیکردن لەشاندی پەرلەمانی و سیاسی و حزبی. هەروەها بەرپرسیارە لەنووسینگەی سەرۆکایەتی کە

---

http://ejabat.google.com/ejabat/thread?tid=7e1b99190c535e44 ([1]

مـافی خۆیـەتی ئـەو کەسـانە دەستنیشـان بکـات وەکـو سـتافی کـار لەفەرمانبەرانی حکومی تاوەکو هاوکاری بکەن لەئیش و کـاری کـارگێڕی و پەرلـەمانی و سیاسـی و لۆجسـتی. هـەر خۆیشـی بەرپرسـیارە لـەدانان و دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی چەند پۆستێکی سەرەکی لـەنێو هەیکـەلی ئیداری پەرلەماندا وەردەگرن، وەکو بەڕێوەبەرایـەتی دارایـی و کـارگێڕی و نووسینگەی ڕۆژنامەوانی و هەموو ئەو بەشانەی لەنێو پەرلەمانـدا بوونیـان هەیـە کـە دەبنـە هـۆی باشـتر کردنـی ئـەدای پەرلـەمان و ئاسـانترکردنی بەڕێوەچوونی ئیش و کارەکان.

سەرۆکی پەرلەمانی فەڕەنسی شەش جێگری هەیە هەر یەکێکیان بـۆ ئـیش و کـارێکی جیـاوازە، وەکـو جێگـری سـەرۆك، جێگـری سـەرۆك بـۆ کاروباری دارایی، ئەمینداری گشتی پەرلەمان. کاری سەرەکی ئـەم شـەش جێگـرەی سـەرۆك بریتییـە لـەوەی بۆشـایی سـەرۆك پڕبکەنـەوە کاتێـك لەدەوامدا نابێت، ئینجا بەهۆی سەفەربێت، یا نەخۆشی و کاری تـر. لـەنێو پەرلەمانی فەڕەنسیدا جێگرەکانی سـەرۆك خۆیـان سـەرۆکایەتی بەشـێکی گرنگـی لێژنـە پەرلەمانییـەکان دەکـەن. سـەرۆکی پەرلـەمان خـۆی سەرۆکایەتی کۆبوونەوەی سەرۆکی فراکسیۆنە پەرلەمانییـەکان دەکـات و لەگـەڵیان کـۆ دەبێتـەوە لـەبارەی ئـەو پرسـانەی کـە پێوەنـدیان بـەکاری یاسادانانەوە هەیە، بۆیە لەم کۆبوونەوانەدا بەشێوەی ڕێکەوتن و تـەوافوق سەرۆکی کوتلەو فراکسیۆنەکان لەسەر سەرۆکایەتی لێژنـەکان ڕێکدەکـەون

هــەر فراکســیۆنێك بــەپێی ڕێــژەو قــەبارەو هێــزی خــۆی بەشــی خــۆی وەردەگرێت.(1) بەگشتی کاری سەرۆکی پەرلەمان لەفەڕەنسا بریتییە لە:

یەکەم: ئیدارەکردنی کۆبوونــەوەکانی پەرلــەمان و دەستنیشــانکردنی ئــەو ئەندامانــەی کــە قســە دەکــەن و مــاوەی قســەکردنی هــەر کەســێك و سەرپەرشتیکردن و زامنکردنی ئاداب و نیزامی دانیشتنەکان.

دووەم: سەرپەرشــتی کــارو چــالاکی کــۆی گشــتی فەرمانبــەرانی پەرلــەمان دەکــات، هــەر لەنووســینگەی ڕاوێژکارییــەوە تــا دەگاتــە ســەنتەری توێژینەوەو ناوەندی ڕۆژنامەوانی و چاپ و بڵاوکردنەوەو پرۆتۆکـۆل و پێوەندییەکان و .... تاد.

سێیەم: سەرۆکایەتی کۆبوونەوەی سەرۆکی فراکسـیۆنەکان دەکـات و لـەم کۆبوونەوانــەدا بەرنامــەی کــار وتوویــژیان لەبارەیــەوە دەکرێــت و کۆمەڵێك کێشەو پرۆژە یاسا لەوێدا یەکلایی دەکرێتــەوەو ڕیکـەوتنیان لەبارەیەوە دەکرێت، ئینجـا دێتـە نێـو هـۆڵی پەرلـەمان بـۆ دەنگـدان لەسەریان تاوەکو هێزی یاسایی وەربگرن و ببنە یاسا.

چوارەم: سەرۆکی پەرلەمان بەپێی دەستوور مافی ئەوەی هەیە سێ کەس دەستنیشــان بکــات بــۆ پۆســتی ئەنجومــەنی دەســتووری کــە ئــیش و کاریــان بریتییــە لەپاراســتنی دەســتوورو زەمــانکردنی جێبــەجێکردنی لەلایەن هەموو دەسەڵاتەکانەوە تاوەکو هاوسەنگییەك هەبێت لەنێوان دەســەڵاتەکان و هێزێــك هــەبێت لــەکاتی بــوونی کێشــەی دەســتووریدا

(1) رؤساء الجلسات، سلسلة الابحاث التشريعية، البحث الاول، اعداد: المعهد الديمقراطي الوطني للشؤن الدولية، ترجمة: نور الاسعد، مراجعة: مي الاحمر، لبنان، ص12.

لایەنەکان پەنای بۆ ببەن. هەروەها ئەم ئەنجومەنە چاودێری پرۆسەی دەنگدان و ریفراندۆمەکانیش دەکات تاوەکو زامنی پاکی و بێگەردیان بکات، بۆیە هەر بڕیارێك لەو ئەنجومەنەوە دەربچێت قابلیی تانە لێدان نییە. بەگشتی ئەندامانی ئەنجومەنی دەستووری (9) کەسن، سێ کەس لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە هەڵدەبژێردرێن و دەستنیشان دەکرێن، سێ کەسیش لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی پیرانەوە دەستنیشان دەکرێن. ئەندامانی ئەنجومەنی دەستووری بۆ ماوەی (9) ساڵ لەم پۆستەدا دەمێننەوە کە بەهیچ شێوەیەك نە درێژ دەکرێتەوە بۆیان و نە بۆیان هەیە جارێکی تریش خۆیان بپاڵێونەوە. ئەو ئەندامانەی ئەنجومەنی دەستووری بۆیان نییە لەو ماوەیەدا کە ئەندامی ئەو ئەنجومەنەن لەهیچ پۆست و پلەیەکی تردا خزمەت بکەن، پێشتریش لەهەر شوێنێك بووبن، دەبێت دەست لەکار بکێشنەوەو واز بێنن.

وەکو هەر پەرلەمانێکی تریش، سەرۆکی پەرلەمانی فەڕەنسی مافی قسەکردن و وتووێژی هەیە لەسەر هەموو پرۆژە یاسایەك و مافی دەنگدانیشی هەیە، بەڵام هەر وەکو زۆرینەی پەرلەمانەکانی تریش، لەکاتی زۆر پێویستدا نەبێت ئەم دەسەڵات و مافانەی خۆی بەکارناهێنێت و هەوڵدەدات بێلایەنی خۆی پیشان بدات، ئەگەرچی ئەویش وەکو ئەندامەکانی تری پەرلەمان کاندیدی حزبێکی دیاریکراوە کە زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی بەدەستهێناوەو بۆ ئەوەش دانراوە تاوەکو پرۆژەو کارنامەی حزبەکەی خۆی جێبەجێبکات.

## بەشی چوارەم
## مۆدێلی پەرلەمانی کوردستان ــ عێراق
## Kurdistan Parliament – Iraq

بۆ یەکەمجار لەمێژووی گەلی کوردستان لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا، لەڕۆژی (1992/5/19) دا هەڵبژاردنی سەرتاسەری لەهەر سێ شاری (هەولێرو دهۆك و سلێمانی) ئەنجامدرا بۆ هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی هەڵبژێردراو. ئەم پەرلەمانە هەڵبژێردراوە بۆ یەکەمجار لەمێژووی هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەڕۆژی (1992/6/4) یەکەم دانیشتنی ئاسایی و یاسایی خۆی ئەنجامدا، لەو کاتە بەدواوە هەرێمی کوردستان چوار هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەخۆیەوە بینیوە کە دواترینیان هەڵبژاردنە گشتییەکانی (2013/9/21) بوو. پەرلەمانی کوردستانیش وەکو هەر دەستەو ئەنجومەن و پەرلەمانێکی تری هەڵبژێردراوی جیهان پەیڕەوی ناوخۆی هەیە کە لەمیانەیدا دەستنیشانی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی پەرلەمان دەکات، ئێمەش لێرەدا بەپشت بەستن بەدواترین چاپی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان[1] شرۆڤەی ئەرك و فرمان و ماف و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی پەرلەمان دەکەین.

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی تەواوی هەیە لەسەر ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان و ئەندامی دەستەی

[1]) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ــ عێراق و هەموارکردنەکانی، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: عەونی بەزاز، چاپی دووەم، 2013، ل5.

سەرۆکایەتییە. دەستەی سەرۆکایەتی لەسێ ئەندامی پەرلەمان پێکدێت کە دەبێت لەیەکەم دانیشتنی ئاسایی و یاسایی خۆیدا لەنێو پەرلەماندا بەدەنگدانی نهێنی هەڵبژێردرێن. یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن گەورەترین و بەتەمەنترین ئەندامی پەرلەمانەوە بەڕێوە دەچێت و سەرۆکایەتی دەکرێت، بۆیە ئەو کەسە دەبێتە سەرۆکی دانیشتنی یەکەم. ئەرکی سەرۆکی دانیشتنی یەکەمە یەکە بەیەکە ئەنادمانی پەرلەمان بانگهێشت بکات بۆ ئەوەی سوێندی یاسایی بخۆن لەبەردەم پەرلەماندا. دواتر سەرۆکی دانیشتنی یەکەم کە بەسەرۆکی کاتیش ناودەبرێت، دەرگای خۆپالاوتن بەڕووی ئەندامانی پەرلەماندا دەکاتەوە بۆ ئەوەی خۆیان بپاڵێون بۆ کورسییەکانی دەستەی سەرۆکایەتی کە پێکدێت لە (سەرۆکی پەرلەمان، جێگری سەرۆکی پەرلەمان، سکرتێری پەرلەمان). ئینجا دوای ئەوەی چەند ئەندامێك خۆیان دەپاڵێون، پرۆسەی دەنگدانی نهێنی دەست پێدەکات، هەر ئەندامێك بۆ ئەو پۆستەی خۆی پالاوتووە زۆرترین دەنگی ئامادەبووان بەدەستبێنێت، بەبراوە دادەنرێت و ئەو پۆستە وەردەگرێت.(تر)

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێگەو دەسەڵاتێکی یاسایی و سەروەری گرنگە لەهەرێمی کوردستاندا، بۆیە بەردەوام سەرۆکی پەرلەمان بەپێی ڕێکەوتنی سیاسی پێشوەختەی لایەنە سیاسییەکان و کوتلەو فراکسیۆنەکانی نێو پەرلەمان دادەنرێت، کەمجاریش وەکو ئیستیحقاقی

---

1) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق و هەموارکردنەکانی، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: عەونی بەزاز، چاپی دووەم، 2013، لـ21.

**هەڵبژاردن تەماشا دەکرێت، بۆیە مەرج نییە سەرۆکی پەرلـەمان سـەر بـەو کوتلـەو فراکسـیۆنە سیاسـییە بێـت کـە لەهەڵبژاردنەکانـدا زۆرینـەی دەنگـەکانی خـەڵك و کورسـییەکانی پەرلـەمانی بەدەسـتهێناوە. بەگشـتی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەجێگرو سکرتێریشەوە تا ئێسـتا بـەپێی ڕێکەوتنی سیاسی دەپاڵێورێن و هەڵدەبژێردرێن.[1] ئەوەی لەکوردسـتاندا تـا ئێسـتا پێڕەوکـراوە، بریتییـە لـەوەی کـە پۆسـتەکان لـەنێوان لایەنـە سیاسییە سەرەکییەکاندا دابەش دەکرێت بەپێی ئەو ڕێکەوتنـەی کـە پێـی دەگـەن، چـونکە ڕێکـەوتن لەسـەر پۆسـتی سـەرۆك و جێگـری سـەرۆك و سکرتێری پەرلەمان، بەشـێکە لەڕێکـەوتنێکی گـەورەتر لـەبارەی کابینـەی وەزاری و سـەرۆکی حکومـەت و جێگـری سـەرۆکی حکومـەت و وەزارەت و وەزیرەکان بەگشتی.**

**سەرۆکی پەرلـەمان دەسـەڵاتی کـارگێڕی تـەواوی بەسـەر باڵەخانـەی پەرلەماندا هەیە وەکو دەسەڵاتێکی سەربەخۆ، بۆیـە ڕاسـتەوخۆ بەرپرسـە لــەئیش و کــاری کــارگێڕی و یاســایی و سیاســی. ســەرۆکی پەرلــەمان خولەکانی گرێدانی پەرلەمان دەکاتەوەو وتارێك پێشکەش دەکات کە تێیدا سیاسەت و بەرنامەی دەستەی سەرۆکایەتی ڕادەگەیەنێت و هـەر خۆیشـی کۆتایی پێدێنێت، یا دوای دەخـات و کاتـەکانی دیـاری دەکـات. لـەکۆتایی خولدا بەهەمان شێوەی دەسپێکردن، وتارێك پێشکەش دەکات تێیـدا ئـەو**

1) لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیدا ئەگەر ژمارەی دەنگەکانی کێبڕکێکارانی پۆستێك وەکو یەك و یەکسان بوو، ئەوە دەبێت جارێکی تر بۆ جاری دووەم هەڵبژاردن دووبارە بکرێتەوە، ئەگەر دیسان دەنگەکان یەکسان بوون، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ پەنا دەبرێتەبەر تیروپشك لەنێوانیانداو بەو شێوەیە ئەم پۆستە پڕ دەکرێتەوە.

بەرنامـەو کارانـە دەخاتـە ڕوو کـە لـەم خولـەدا ئەنجامـدراون و هۆکـاری ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کـە بۆچـی نـەیانتوانیوە بەشـێکی بەرنامـەی کـار جێبەجێبکات، هەروەها باسی پێوەندییـەکانی پەرلـەمانیش دەکـات لـەر ئاستی نێو دەوڵەتیدا.

ســـەرۆکی پەرلـــەمان ڕاســـتەوخۆ بەرپرســـیارە لەئیـــدارەدانی دانیشـتنەکانی پەرلـەمان و ڕێکخسـتنی شـێوازی گفتوگـۆو قسـەکردنی ئەندامان و بەرپرسیارە لەجێبـەجێکردنی ڕێکـارە یاساییەکان بـۆ ئـەوەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بەئاسانی و باشی بەڕێوەبچێت.

سەرۆکی پەرلـەمان بەرپرسـە لەگرتنەبـەری ڕێوشـوێنی پێویسـت بـۆ پاراسـتنی ئاسـایش و ڕێککـاریی نـاو پەرلـەمان لـەکاتی کۆبوونـەوەو دانیشـتنەکانی پەرلەمانـداو دەسـەڵاتی تـەواوی ئـەوەی هەیـە لـەکاتی هـەبوونی پشـێوی و ئاڵۆزیـدا هێـزی ڕێککـاری گونجـاو بـۆ کـۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە بەکاربێنێت و ئەو هێزە ڕاستەوخۆ لـەژێر فرمـانی ئـەودان کـە ئـــەرکیان پاراســـتنی ســـەلامەتی ئەنـــدامانی پەرلـــەمان و دەســـتەی سەرۆکایەتییە لەکاتی هەبوونی پشێوی و ئاڵۆزیدا، یـا لـەکاتی دەرچـوونی هــەر ئەنـدامێك لـەپێڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمان بـەجۆرێك کـە سـەرۆکی پەرلەمان پێی وابێت بۆتە هەڕەشە بۆ سەر بەڕێوەچوونی کۆبوونـەوەکان. جـاری وا هەیـە دەخوازێـت کۆبوونـەوەکان بـۆ ماوەیـەکی کـاتی، چـەند کاتژمێرێك، یا چەند ڕۆژێـك دوا دەخـات تـاوەکو چارەسـەری بـۆ کێشـەکە دەدۆزرێتەوەو لەگەڵ فراکسیۆن و لیژنەکاندا وتوویژ دەکات.

لەبەرئەوەی سەرۆکی پەرلەمان ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتییە، ئەوە لەگەڵ هەردوو ئەندامەکەی تری دەستەی سەرۆکایەتیدا واژوو لەسەر کۆنووسی دانیشتنەکاندا دەکات، بۆ خۆیشی بەتەنیا دەسەڵاتی ئەوەی هەیە سەرجەم نووسراوە فەرمییەکان لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردن و لایەنی تری ناوەوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا مۆر بکات و نوێنەرایەتی پەرلەمانی کوردستان دەکات لەناوەو دەرەوەدا. سەرۆکی پەرلەمان لەکاتی پێویستدا دەتوانێت کەسانی تر ڕاسپێرێت لەنێو ئەندامانی پەرلەمان، یا لەدەستەی سەرۆکایەتیدا، یا لەنووسینگەی خۆی و لەنێو ڕاوێژکارەکانی خۆیدا تاوەکو لەبری ئەو لەبۆنەو یادێکدا نوێنەرایەتی ئەو بکەن.

سەرۆکی پەرلەمان بۆی هەیە بۆ ئاسانکردنی ڕاپەڕاندنی ئیش و کارە ئیداری و یاسایی و داراییەکانی پەرلەمان، کەسانی تر ڕاسپێرێت تاوەکو هاوکاری بکەن و دەسەڵاتیان پێبدات بەشێك لەکارەکانی ئەو ڕاپەڕێنن. بۆ ئەو مەبەستەش سەرۆکی پەرلەمان نووسینگەی تایبەتی خۆی دەبێت، لەگەڵ ستافی کار کە پێکدێت لەچەند ڕاوێژکارێك بەپێی پێویستی سەرۆك و ئەو ئیش و کارانەیان پێیان ڕادەسپێرێت. ئەو ستافە کاریان ئەوەیە یارمەتی سەرۆك بدەن لەئیش و کاری ڕۆژانەدا وەکو کارگێڕی و پرۆتۆکۆل و میوانداری و ڕاوێژکاری یاسایی و سیاسی و ڕاگەیاندن، بەجۆرێك سەرۆك بتوانێت بپڕژێتە سەر کارە سەرەکییەکانی خۆی کە بریتییە لەدانانی بەرنامەی کارو بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەو دانیشتنەکانی پەرلەمان بەباشترین شێوە. لەپاڵ ئەوانەشدا، سەرۆکی پەرلەمان بەڕێوەبەرایەتی

دیوانی پەرلەمان دەسپێرێتە فەرمانبەرێك كە پلەكەی ڕاوێژكارەو ئەركی بەڕێوەبەری گشتی دەبینێت تاوەكو پێڕەوی ئەو دەسەڵاتانە بكات كە لەلایەن سەرۆكەوە پێی دەدرێت لەپێناو ڕاپەڕاندنی ئیش و كاری كارگێڕی و دارایی دیوانی پەرلەمانی كوردستان، ئەو بەڕێوەبەرە گشتییە ڕاستەوخۆ دەبەسترێتەوە بەسەرۆكی پەرلەمان و لەبەردەمیدا بەرپرسیار دەبێت.(١)

سەرۆكی پەرلەمان ڕاستەوخۆ بەرپرسیارە لەپاسەوانی تایبەتی پەرلەمان و هەموو پاسەوانەكانی بینای پەرلەمان دەكەونە بەر فەرمانی سەرۆكی پەرلەمان، هەروەها ئەوە سەرۆكی پەرلەمانە كە قەبارەو ژمارەی ئەو هێزە دیاری دەكات كە پێویستن بۆ پاراستنی ئاسایشی پەرلەمان و پەرلەمانتاران.

سەرۆكی پەرلەمان بەهاوكاری ئەندامانی دەستەی سەرۆكایەتی كۆبوونەوەكانی پەرلەمان بەڕێوە دەبات، لەپەرلەمانی كوردستانیشدا وەكو عورفێك پێش هەموو كۆبوونەوەیەكی پەرلەمان نێو كاتژمێر دەستەی سەرۆكایەتی كۆدەبێتەوە بۆ گفتوگۆكردن لەسەر بەرنامەی كارو، خۆیشی ڕاستەوخۆ یا نا ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی كاری لێژنەكانی پەرلەمان دەكات.(٢) لەكاتی ئامادەنەبوونی سەرۆكی پەرلەمان بەهەر هۆیەك بێت،

---

1) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق و هەمواركردنەكانی، كۆكردنەوەو ئامادەكردنی: عەونی بەزاز، چاپی دووەم، 2013، لـ72.

2) سەرۆكی پەرلەمان دەتوانێت دەسەڵاتی كۆبوونەوە لەگەڵ لێژنەكان و سەرپەرشتیكردنی كاری لێژنەكان بداتە جێگری سەرۆك، یا سكرتێری پەرلەمان، بەگشتی وەكو نەریتێك لەپەرلەمانی كوردستاندا سەرۆك ئەو دەسەڵاتەی داوەتە جێگر تاوەكو هاوكاری بكات لەبەڕێوەبردنی ئیش و كارەكانداو نموونەیەكی جوانیشە بۆ كاری هاوبەش.

ئەوە ڕاستەوخۆ جێگری سەرۆك ئەرکەکانی ئەو بەڕێوە دەبات و هەمان دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دەبێت.(١)

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ خۆی بەشداری لەوتووێژو گفتوگۆکانی نێو هۆڵی پەرلەمان ناکات و تەنیا کاری ئەوەیە کۆبوونەوەکان بەڕێوە ببات، هەر کاتێك سەرۆك یا هەر ئەندامێکی تری دەستەی سەرۆکایەتی ویستیان ڕاو بۆچوونی خۆیان بڵێن لەبارەی پڕۆژە یاسایەك، ئەوە دەبێت کورسییەکەی خۆیان جێبێڵن و بێنە ڕیزی ئەندامانی پەرلەمان و لەوێوە قسەبکەن. هەر کاتێکیش لەبارەی پڕۆژە یاسایەك و ژماردنی دەنگەکاندا دەرکەوت دەنگەکان یەکسانن، ئەوە سەرۆکی پەرلەمان بۆی هەیە دەنگبدات، ئەم دەنگەی سەرۆك دەتوانێت یاساکە یەکلایی بکاتەوە بەو لایەی سەرۆك دەنگی بۆ داوە، ئەوەش حاڵەتێکی دەگمەنەو سەرۆکەکانی پەرلەمانی کوردستان زۆر هەوڵیانداوە شێوازی دەنگدان و وتووێژ لەبارەی پڕۆژە یاساکان نەگاتە ئەم حاڵەتەو کۆ دەنگی لەسەر یاساکان دروست دەکەن، یا بەلایەنی کەم ئەوەیان مسۆگەر کردووە کە زۆرینە لەگەڵ یاساکەدایە ئینجا داویانەتە دەنگدان. بەگشتی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی ئاشکرایی دەبن، بەڵام سەرۆك ئەو دەسەڵاتەی هەیە داوا بکات دانیشتنێك لەبەر هەر هۆیەك

---

1) دەکرێت هەندێکجار سەرۆکی پەرلەمان بەشێك لەدەسەڵاتەکانی خۆی بداتە جێگر، نەوەکو هەموو دەسەڵاتەکانی سەرۆك، بەتایبەتیش لەڕووی کارگێڕی و ئیدارەی پەرلەمان و کاروبارو سەرفییاتی داراییەوە، ئەم حاڵەتانەش چەندجارێك ڕوویانداوە کە سەرۆك سەفەری کردووە، یا مۆڵەت بووە، بەبڕیاری ڕەسمی دەسەڵاتەکانی خۆی داوەتە جێگرو تێیدا دەستنیشانیکردووە کە ئەم دەسەڵاتانە دامەزراندنی فەرمانبەرو پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران ناگرێتەوە.

بێت، بکرێتە نهێنی، ئەو کاتیش پێویستی بەدەنگدان دەبێـت لـەنێو هـۆڵی پەرلەمان تـاوەکو بزانرێـت قبـووڵ دەکرێـت یـا نـا.(٢) هـەروەها سـەرۆکی پەرلەمان بۆی هەیە داوای دانیشتنی نا ئاسـایی بکـات لـەکاتی پێویسـتداو لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، ئەو کاتە دانیشتنەکە تەنیا تایبەت دەبێت بـەو بابەتەی داوای دانیشتنی بۆ کراوە.(٢)

بەگشتی سەرۆکی پەرلەمان بەرپرسـە بەرانبـەر بـە ئـەداو ئیلتیزامـی سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان، بۆیە ئەگەرچی سەرۆکی پەرلەمان ئەنـدامی پەرلەمانــە لەســەر لیســتی حزبێکــی دیــاریکراوو بــەناوی فراکســیۆنێکی دیاریکراویش وەکو ئیسـتیحقاقی هەڵبـژاردن دەبێتـە سـەرۆکی پەرلـەمان، بەڵام دەبێت تـا ئەوپـەڕی هەوڵبـدات بێلایەنانـە مامەڵـە لەگـەڵ ئەنـدامانی فراکسیۆنەکانی تردا بکات و ببێتە جێگای متمانەی هەموو لایـەك. سـەرۆك دەسەڵاتی ئەوەی هەیە مۆڵەت بداتە ئەندامانی پەرلـەمان کـە دەبێـت ئـەو مۆڵەتە بەشێوەی نووسراو پێشکەشبکرێت، بەمەرجێك لەهـەر خولێکـدا لـە (15) ڕۆژ زیـاتر نـەبێت.(٣) ئەگـەر هـەر ئەنـدامێکی پەرلـەمان ئامـادەی دانیشـتنەکان نـەبێت و بەشـداری کۆبوونـەوەی لیژنـەکان نـەکات بـەبێ

1) جگە لەسەرۆك، دەکرێت یەك لەسەر چواری ئەندامانی پەرلەمانیش داوای ئەوە بکەن کۆبوونەوەیەك بکرێتە نهێنی، ئەو کاتەش دەبێت ئەو داوایە لەنێو هۆڵی پەرلەماندا بخرێتە دەنگدان.

2) جگە لەسەرۆك، دەکرێت یەك لەسەر چواری ئەندامانی پەرلەمانیش بانگهێشتی کۆبوونەوەی نائاسایی بکەن.

3) ئەو مۆڵەتە مۆڵەتی ئاساییە، ئەگینا ئەندامی پەرلەمان بۆی هەیە بەپێی پێویست مۆڵەتی نەخۆشی وەربگرێت.

**هۆیەکی دیاریکراو، ئەوە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان[1] سەرۆک بۆی هەیە چەندین ڕێکاری یاسایی بەرانبەر بگرێتەبەر، وەکو بڕینی مووچە، بڕینی دەرماڵەی ئەندامێتی پەرلەمان،[2] ئاگادارکردنەوەی ڕەسمی ئەندامەکە خۆی، ئاگادارکردنەوەی فراکسیۆنەکەی.**

**سەرۆکی پەرلەمان بۆی هەیە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، یا هەر وەزیرێکی تر لەو کابینەیەدا، بانگهێشتی پەرلەمان بکات و پرسیاریان ئاڕاستە بکات لەبارەی هەر بابەتێکی دیاریکراو، پێشتریش دەبێت پرسیارەکان بەشێوەی نووسراو ئاڕاستەی سەرۆکی حکومەت، یا وەزیرەکان کرابێت تاوەکو خۆیان بۆ وەڵامدانەوەی ئامادە بکەن و داتای پێویستیان لەبەردەستدا بێت. هەموو ئەندامێکی پەرلەمان دەبێت بەمۆڵەتی سەرۆکی پەرلەمان قسە بکات و قسەکانیشی ئاڕاستەی سەرۆک دەبێت و دەڵێت:" بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان". هیچ ئەندامێك بۆی نییە لەخۆیەوەو لەشوێنی خۆیەوە قسە بکات و موداخەلە بکات. هەر ئەندامێك کاتی قسەکردنی تەواو بوو، یا سەرۆك داوای لێکرد کۆتایی بەقسەکانی بێنێت، یا سەرۆك پێی وابوو لەبابەتەکە دەرچووە، یا وەڵامدانەوەی قسەو ڕاو بۆچوونی ئەندامێکی ترە، ئەوە سەرۆك دەسەڵاتی ئەوەی هەیە مایکرۆفۆنەکەی بەردەم ئەو ئەندامە بکوژێنێتەوەو بێدەنگی**

---

1) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق و هەموارکردنەکانی، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: عەونی بەزاز، چاپی دووەم، 2013، لـ 32.

2) بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئامادەنەبوونی ئەندام پەرلەمان لەهەر دانیشتنێك بەبێ پاساوێکی ڕەواو مۆڵەتی ڕەسمی، دەبێت بڕی (200) سەد هەزار دینار لەپاداشتی مانگانەی ئەو ئەندامە ببڕدرێت، بەمەرجێك کۆی گشتی لێبڕدراوەکان لەپاداشتی مانگانەی ئەندام پەرلەمانەکە تێپەڕ نەکات.

بکات، لەم حاڵەتەشدا ئەندامەکە دەبێت بێدەنگبێت و ئیلتیزام بکات. ئەندامی پەرلەمان بۆی هەیە لەکاتی وتوویژدا هەردوو دەستی بەرزبکاتەوەو بیگەیەنێتە یەکتری و داوای نوقتەت نیزام بکات، سەرۆکیش دەبێت ڕێگا بەنوقتەت نیزامی ئەندامان بدات، بەمەرجێك لەچوارچێوەی یاسایی و ڕێکاری دیاریکراوی پەرلەمانییەوە بێت.

مادام سەرۆکی پەرلەمان لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا دەسەڵاتی تەواوی پێدراوە تاوەکو دانیشتنەکان بەڕێوەببات و کۆنترۆڵیان بکات بەپێی ڕێککارە یاساییەکان، ئەوە سەرۆك ڕاستەوخۆ بەرپرسیارە لەبەرانبەر شێوانی کەش و هەوای نێو هۆڵی پەرلەمان و بۆی هەیە بەپێی پێڕەوی ناوخۆ ئەم ڕێکارانە بگرێتەبەر:(1)

1) بیرهێنانەوەی ئەندامەکە بەڕێککاری دانیشتنەکە.

2) ئەگەر ئەندامەکە پاش بیرهێنانەوە زێدەڕۆییکرد، یا ناوزڕاندن، یا وشەی نەشیاوی بەکارهێنا لەڕووی دابونەریتەوە گونجاو نەبوو، ئەوا سەرۆك بۆی هەیە ئاگاداری بکاتەوە، ئەم ئاگادارییەش سڕینەوەی قسەکانی ئەو ئەندامەی لێدەکەوێتەوە لەکۆنووسی ڕەسمی کۆبوونەوەی پەرلەماندا.

3) ئەگەر ئەندامەکە پاش ئاگادارکردنەوەش هەر بەردەوام بوو لەزێدەڕۆییکردن، ئەوا سەرۆك بۆی هەیە بیکاتە دەرەوەی هەڵی

---

1) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق و هەموارکردنەکانی، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: عەونی بەزاز، چاپی دووەم، 2013، ل55.

پەرلەمان و لەبەشداریکردن لەچەند دانیشتنێکی پەرلەماندا بێبەشی بکات.

کەواتە ئەرکی سەرۆکی پەرلەمانە هێمنی ناو هۆڵی پەرلەمان بپارێزێت و کۆنترۆڵی شێوازی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکان بکات بەهەر شێوەیەك بێت، ئەم دەسەڵاتەش پەیڕەوی ناوخۆ بەسەرۆکی پەرلەمانی داوە.

کۆتایی 2014